ڕۆمانە نەمرەکان

ناوی کتێب: ڕۆمانە نەمرەکان

وەرگێڕانی: شۆڕش محەمەد حسێن

بابەت: لێکۆڵینەوەی ئەدەبی

هەڵەچنی: سارا عەبدوڵڵا

پێداچوونەوەی زمانەوانی: نەورۆز حاجی سەیدگوڵ

مۆنتاژی کۆمپیوتەر: سەیران عەبدولڕەحمان فەرەج

دیزاینی بەرگ: ئارام عەلی

تیراژ: ٥٠٠ دانە

نرخ: ١٠٠٠دینار

دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم

چاپی یەکەم: ساڵی ٢٠١١

کوردستان ــ سلێمانی

www.serdam.org

بۆ پەیوەندیکردن بە زنجیرەی کتێبەوە: kteb@serdam.org

لە بەڕێوەبەرایەتی گشتی کتێبخانەگشتییەکان ژمارە (١٥٥١)ی ساڵی ٢٠١١ پێدراوە

(مافی لەچاپدانەوەی بۆ دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم پارێزراوە)

ڕۆمانە نەمرەکان

وەرگێڕانی

شۆڕش محەمەد حسێن

سلێمانی ٢٠١١

زنجیرەی کتێبی دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم

کتێبی گیرفانی ژمارە (١١٥)

سەرپەرشتیاری گشتیی زنجیرە

ئازاد بەرزنجی

ناوەڕۆك

پیرو لاوەکان.... لویجی بیراندیلو	٧
شۆخی قەوقاز.... لیونیکولافیتش تولستوی	١٣
کەیبانۆی ماڵ... مارلین رۆبنسۆن	٢٣
کۆتایهێنانی پەیوەندی خۆشەویستی ... گراهام گرین	٣٢
سالاَنی منداڵی، ئاکاییە .... وول سوینکا	٤١
بتوشی جوانکیلە ... عەزیز نەسین	٤٨
زەردەخەنەیەك... فرانسواز ساگان	٥٤
شالیماری لیبۆك... سەلمان رۆشدی	٦٥
مەرگی بەختەوەر... ئەلبێر کامۆ	٧٥

پیرو لاوەکان

لویجی بیراندیلو

پیرو لاوەکان، ڕۆمانێکە کە ئامادەکردنەکەی ماوەی ٢٥ ساڵی خایاندووە، بیراندیلو کە نووسینی یەکەمی ئەم ڕۆمانەی لە ساڵی ١٩٠٧ تەواو کردو دووبارە ساڵی ١٩١٣ پیاداچوونەوەی بۆ کردەوەو دواجار لە ساڵی ١٩٣١ تەواوی کرد، کە ئەو قوناغەیە بیراندیلو بە هۆی شانۆگەرییەکانیەوە ناوبانگی جیهانی بە دەستهێنا.

پیرو لاوەکان، ڕۆمانێکی مێژوویی و کۆمەڵایەتییەو وێنەی واقعێکی ئەو ڕووداوانە دەکێشێت کە لە نێوان سالآنی ١٨٩٢- ١٨٩٥ی دورگەی سقلّیە پیایدا تێپەڕی.. بەڵام لە بنەچەو ناوەڕۆکدا هەڵگری قۆناغی درێژکراوەی نێوان سالآنی ١٨٤٨ -١٨٦٠ە، ئەویش لە

ڕێـــی پاشمـــاوەی ئـــەو خێزانانـــەی کـــە لـــەو تافـــەدا تێدەکۆشـــانو هەنـــدێکیان کاریگەرییـــەکانی ئـــەو قۆناغـەیان لەگەڵ خۆیاندا هەڵگرتو ئەم لایەنـەش لـە ڕۆمانەکەدا ڕەنگ دەداتەوە.

پاش سـاڵی ١٨٤٨ سـقلیە لـە ڕێگـەی شکستی یەکەمی بزاڤی شۆرشـگێڕیەوە لەگـەڵ ئیتاڵیـا، یـەکی نەگرت، بەڵکو ئەم یەکگرتنـە سـاڵی ١٨٦٠ لـە ڕێـی کاریگـەرییو "هەڵمـەتی هـەزارە"وە، بـەدیهات کـە (گاریباڵدی) سەرکردایەتیی دەکرد. ڕۆماش لـە سـاڵی ١٨٧٠ بووە پایتەختی دەوڵەتی نوێی ئیتاڵیا.

ڕۆمانەکە کۆمەڵێك لە ململانێ بـەخۆوە دەبینـێ، لەوانە: ململانێی لایەنە ناکۆکەکانی نێو هەڵمەتەکانی هەڵبژاردن کە ململانێی بنەماڵەییو سیاسـی بـوون.. بـەڵام هێـزە ناکۆکـەکانی ئـەو قۆناغـە، لـە حزبـی ڕوحانیـەتی بـاوەڕدارو چـینی ئەرسـتۆکراتیدا، خـۆی دەنواند، کە پاڵپشتو داکۆکیکاری حکومـەت بـوون. لەلایەکی تریشەوە، ئۆپۆزسیۆنی تر لە ئارادا بـوون بـۆ هێـزی یەکـەم کـە پێکهـاتبوون لـە لیبراڵییـەکانو سۆسیالـستەکانو هاوسـۆزەکانی فاشـییەت. هێـزی

یەکەم، بریتی بوون لەو پیرانەی کە ڕێگر بوون لە هەمبەر هەر گۆڕانێکی کۆمەڵایەتیو سیاسی. بەڵام هێزی دووەم (لاوان) بوون کە بە حەماسێکی عەفەویو بە شۆڕشێك بەسەر ستەمی سەپێنراودا، هەوڵی گۆڕانکارییان دەدا، بەڵام کەم-بەهرە بوونو لە بواری بەرنامەی کۆمەڵایەتیو سیاسیی ڕێکخراودا، هەژار بوون.

دوای ساڵی ١٨٧٠و پاشئەوەی کە سقڵیە دەبێتە بەشێك لە ئیتاڵیای سەربەخۆو یەکگرتوو، لە دەورووبەری چەند ساڵێکدا، گەشەسەندن بەخۆوە دەبینێت. پاشان لە دەوروبەری ساڵی ١٨٩٢ بارەکە بەرەو داکشانو خراپیو سامناکی ڕۆیشتو ئاماژەکانی داڕوخان ڕوو لە دەرکەوتن بوون. گرانی ڕووی کردە دوورگەکەو ئەم ئاستەنگە ئابووریانەو بێزاربوون لەم بارودۆخە، ڕێگەی خۆشکرد بۆ هاتنی سۆسیالیزمی مارکسییەتو شۆڕشگێڕ بۆ سقڵیەو دواتر سەرکەوتنی بزاڤی ناوبراو بە سەرۆکایەتی (فاشی دی لافوراتوری)، کە بە خێرایی لە ناوچەکانی (سقلیە)دا بڵاو بۆوەو تەشەنەی سەند.

تـەنیا قەیرانـە ئابوورییـەکان هۆکـار نـەبوون بـۆ هەڵگیرساندنی شۆرش لە سقلّیە، بەڵکو ستەمی چینی ئورستوکراتی لەسەر هەژارو جوتیارو کرێکارەکان، بـە خەرجکردنی کرییەکی کـەمی وا، کـە بەشـی قـووتی ڕۆژانەی نـەدەکردن. هـەروەها لـە ڕێـی بـاج خـستنە سەریانەوە.

هـەموو ئەمانـە، هۆکـار بـوون بـۆ هەڵگیرسـانی شۆرشـی کرێکـارە هـەژارەکان بەسـەر چـینی ئورسـتوکراتەکاندا. دژایـەتیو سـەنگەرگرتنی پـیرو لاوەکـان لـە بەرامبـەر یـەکتریو لـە نێـوان نـەریتو نوێگـەری، بەشـێوەیەکی بـالآ، لـەم ڕۆمانـەدا ڕەنگدەداتـەوەو لـەنێوان (شـا ئـەبیلیتۆ لۆرانتـانۆ)ی باوكو (جیرلاندۆ لورانتانۆ)ی کوڕی، دەردەکەوێت.

باوکەکە ئورستوکراتیەت دەنوێنێـت، لـە کاتێکـدا (لانـدۆ)ی کـوڕی، ڕابەرایـەتی جـەنگێك دەکـات کـە کۆکراوەی هاوپەیمانێتی سۆسیالستەکانو فاشـییەکانو مارکـسییەکانو ئـەوانی دیکەیـە. بـەر لـە ڕوودانـی شۆڕشەکەش، لە ڕۆمـاوەو لەگـەڵ هاوپەیمانـەکانی لـە سقلّیەدا کاری دەکرد.

خـەمی گـەورەی لانـدۆ، بریتـی بـوو لـەوەی کـە سەرکردایەتیەکی ئاڕاستەکراو بۆ کرێکارو جوتیارەکـان پێشکەش بکات، تاوەکو تووڕەبـوونو نەزانییـەکانیان، نەبێتە هۆی هەڵگیرساندنی کارەساتێکی خوێناوی.

ئەو لەگەڵ هەندێك لە هاوڕێکانی دەیانویـست لـە ڕێگەی (یەکێتیو بەرخۆدانی کرێکارەکان)ەوە، بگەنـە بڕواپێهێنان بـە خـاوەن زەوییـەکان، کـە ڕەزامەنـدبن لەسـەر بەسـتنی ڕێککـەوتنو پەیوەسـتنامەی کـاری زیاترو مرۆییانەتر لەوانەی پێشوو.

ئەمەش لە ڕێگـەی بەرزکردنـەوەی ئاسـتی کرێـی جوتیـارو کرێکارەکانـەوە، تـاوەکو بـژێوی خۆیـانو خیزانەکانیان فەراهەم بکات. هەروەك دەشیانویست لە تا چەند ساڵێك لە هەڵبژاردنە لۆکـاڵیو هەرێمیـەکانی دوورگەکەدا، سەرکەوتن بەدەست بهێنن. تـاوەکو لـەو ڕێگەیەوە هۆکارەکانی سانسۆر بەدەست بهێننو دواتـر ببنە نوێنەری داکۆکیکردن لە مەسـەلەی هـەژارو بـێ نەواکان.

کەچـی شـتێك ڕووی دا کـە لانـدۆو هەنـدێك لـە هاوڕێکانی لێـی دەترسـان، یەکـەمین قەسـابخانە (وەك

ڕۆژنامە ئیتاڵیەکان ئەم ناوەیان لێ نا) لە سقلّیە بەرپا بــوو، ئــەویش دوای ئــەوەی کرێکارەکــانی کانــە گۆگردییەکان، هێرشـیان کـردە سـەر پەرلـەمانتارێكو خۆیو خیزانەکەیان کوشتو تەرمەکانیشان سوتاندن.

بەمجۆرە، دوای ئەم یاخیبوونە، شۆڕش لـە سـقلّیەو دواتر لە دوورگەکانی تری ئیتاڵیا خامۆشـی بـە خـۆوە نەدی. کرێکارو جوتیارەکان، چەکیان نـەبوو کـە پێـی بجـەنگن، تاکـە چـەکی دەسـتی ئـەوان تووڕەبـوونو شۆڕشەکەیان بوو بەسەر ستەمو زۆرداریدا، هەر ئەمەش وای لێ کردبوون بێ-بەزەییانە لە سوپا بکوژن.

لە ئاکامی ئەم شۆڕشەدا، سیـستمی سـەربازی لـە سقلّیەو ناوچەکانی تر، جێـی سیـستمی ئورسـتوکراتی گرتەوە.

سەرچاوە:

پاشکۆی (بیان الکتب)ی رۆژنامەی (البیان)ی ئیماراتی

شۆخی قەوقاز

لیو نیکولافیچ تولستوی

تاکە شتی پێویست لـە ژیـان و هونـەردا، "وتنـی حەقیقەت"ە. ئەمە وتەی ڕۆماننووسی گەورەی رووسی {لیو نیکولافیچ تولستوی}ە. پێدەچێت هەر ئەمەش هۆکاری گەیشتنی بێت بە ناوبانگی جیهانی. وەك چۆن ئەم نووسەرە بەوە ناسراوە کە باوەڕێکی قووڵی هـەبووە بـە پێویـستیی دەسـتبەرداربوون لـە توندوتیـژی، وەك چەکێك لە ڕووبەڕووبوونەوەی شەڕەنگێزی.

باشـترین نمونـەش لـە بـارەی سـەرکەوتنی ئـەم بیرورایـەی، ئـەو دەسـتکەوتانەیە کـە {موهانـداس گاندی}، لە ڕێگەی پەیڕەوکردنی شۆڕشی ناتوندوتیژی، گرتیەبـەر کـە سـەرکەوتنی بەدەسـتهێنا لـە ڕووبەڕووبونەوەی بەریتانیای داگیرکەردا.

ئەوەی جێی باسە، ڕووداوەکانی ژیـانی تۆلـستۆی، کە لە ٢٨ی ئۆگستی ساڵی ١٨٢٨ لە یانـسا بولینـای باشوری مۆسکۆ لەدایك بووە، بە شێوەیەکی گشتی بە بەرهەمەکانیەوە، گرێدراوە.

تۆلستۆی، چوارەمین کوڕی خێزانێکی ئۆرستوکراتی بوو، بەڵام ئەو کاتەی دایكو باوکی لـە سـاڵی ١٨٣٠ کۆچی دواییان کرد، پوورەکانی بەخێویان کرد، کـە لـە بەرزترین ئاستەکانی چینی نێوەنددا ژیانی بەسەردەبرد.

پوورەکانی کاریگەرییەکی گەورەیان لەسـەر ژیـانی بەجێهێشت، کە وای لە تۆڵستۆی کرد لە ڕێی بەرهەمە ئەدەبیەکانیەوە وەك (ئەلکـسەندەری شـانزدەهەم)، بـە نەمری، بیانهێڵێتەوە.

لە لایەن چەند مامۆسـتایەکی تایبەتمەنـدو لـەنێو خانووی خێزانەکەیدا هەتا گەیشتنی بە تەمەنی شازدە ساڵی، دەیخوێندو دواتـر پەیوەنـدی کـرد بـە زانکـۆی کازانەوەو یاساو زمانە رۆژهەڵاتیەکانی خوێنـد، بـەڵام لە سـاڵی ١٨٤٧، زانکـۆی بەجێهێـشتو وای بـەباش زانی بە تەنیا خۆی دەرسی خۆی دابدات.

تۆلستۆی ئەو پازدە ساڵەی دوای زانکۆی، لە ژیانێکی ناجێگیردا بەسەر برد. گەڕایەوە بۆ یانسا بولیانا، بە ئامانجی ئەوەی موڵك‌و ماڵی خێزانەکەی بەڕێوە ببات. هەروەها لەسەر ئاستی فیکری‌و ئەخلاقی‌و جەستەیی، پەرە بەخۆی بدات. دوای تێپەڕینی کەمتر لە دوو ساڵ، دەستبەرداری ژیانی گۆشەگیری بوو و لە مۆسکۆ تێکەڵ بە ژیانی خۆشگوزەرانی بۆوە.

لەو ماوانەدا دەستی دایە دامەزراندنی پێگەی تایبەتی خۆی لە جیهانی ئەدەبدا، یەکەمین بەرهەمی ئەدەبیشی، بریتی بوو لەم سیانییە: (منداڵی) کە لە ساڵی١٨٥٢ نووسی، پاشان (مێردمنداڵی) ساڵی ١٨٥٤، دواتر (لاوێتی) لە ساڵی ١٨٥٧. ئەم سیانییە، جەخت دەخاتە سەر گەشەکردنی دەروونی‌و ئەخلاقی پاڵەوانەکە لە تەمەنی دە ساڵیەوە تا کۆتایی قۆناغی هەرزەکاری. ئەم بەرهەمە لە سەرگوزشتەی خودی نووسەر خۆی دەچێت. هەروەك چۆن لەو قۆناغەدا کاری لەسەر نووسینی کورتە چیرۆك‌و شانۆگەری‌و وتارو نامە، کرد.

گـــرنگترین بەرهەمـــەکانی تۆلـــستۆی، داســـتانی {جەنگ‌وئاشتی}یە کە لە ساڵی ١٨٦٥و دوای ژیـانی هاوسەرگیری‌و جێگیربوونی، واتـا دوای ئـەوەی سـۆفیا ئەنـدەریفنا بـووە هاوســەری‌و کەشـێکی گونجـاو بـۆ ئەفرانـدنی ئـەم زاتــە فەراهــەم بـوو، دەسـتی دایــە نووسینی. ساڵی ١٨٦٩ لە نووسینی ئەو ڕۆمانە بۆوە. لەم بەرهەمەدا، ئاوەژووی ڕوانینێکی فەلسەفی دەکـات بەوەی کە هەموو ئەو شتانەی کە ڕوودەدەن لـەوەوپێش بڕیاری لێدراوە. لەو بارەیەشەوە دەڵێت:-

"ئێمە ناتوانین بژین ئەگەر بێت‌و ئەندێـشەی ئـەوە نەکەین کە خاوەن ئیرادەیەکی ئازادین".

گەورەترین نمونەش کە لە ڕۆمانی جەنگ‌و ئاشـتی، هێناویەتیەوە، کەسێتیی ناپلیۆنە. پێـی وایـە نـاپلیۆن کـۆنترۆڵی ڕووداوەکـانی بەدەسـتەو لەخۆباییەکەیـشی ڕێگەی ئەدا تەنیا حەقیقەتێ ببینێ گوایـە ئـەو تـەنیا ئامرازێکــــە بـــۆ پەرەپێــــدانی ڕووداوەکـــانو گۆڕانکارییەکانی ژیان.

بەرهەمێکی نەمری تری تۆڵستۆی، ڕۆمانی {ئانا کارنینا}یە، کە ساڵی ١٨٧٣ دەستی دایە نووسینیو ساڵی ١٨٧٧ تەواوی کرد. چیرۆکێکی تراژیدییەو باس لە ژیانی ئافرەتێك دەکات کە منداڵو هاوسەرەکەی بەجێ دەهێڵێت لە پێناوی پەیوەندیکردن بە خۆشەویستەکەیەوە. بەڵام چیرۆکە ئەویندارییەکە، بە خۆکوشتن، کۆتایی دێت. لەم بەرهەمەشدا تۆلستۆی چەمکی ژیانی خێزانیو دادوەری کۆمەڵایەتی، دەخاتەڕوو.

لەو نۆڤلێتانەی کە ناوبانگێکی گەورەتری لەو دوو بەرهەمەی پێشتر بەدەستهێنا، نۆڤلێتی {شۆخی قەوقاز}ە کە ساڵی ١٨٦٢ نووسیوویەتی. جۆن بیلی ڕەخنەگر، لەم بەرهەمەدا شێوازێکی دەوڵەمەند لە وێنەکردنی وردو درشت لە پاڵ چنینێکی ڕۆمانسیانە بەدی دەکات، کە نێوانی واقعیەتو تەشویق، کۆدەکاتەوە.

ئەم نۆڤلێتە، بەشێك لە سەرگوزشتەی خۆی هەڵدەگرێت، باس لە ژیانی لاوێکی ئورستوکراتی

دەکات بەناوی- ئۆلینین-ەوە. تەمەنی ٢٥ ساڵە. ئـەم لاوە دەستبەرداری خوێنـدنی زانکـۆیی بـووەو نیـوەی سەروەتو سامانەکەی خەرج کردووە، هێـشتاکە هـیچ کارێکی لە ژیاندا نەکردووە.

ئەم لاوە خەریکە کۆمەڵگەی ئۆرستوکراتی، ڕوسیا دەشێوێنێ. تۆلستۆی ڕۆدەچێتە ناخی لاوەکەوە، تاوەکو لـە چوارچـێوەی کۆمەڵگـەی سـاختەی مۆسـکۆوە، هۆکاری ئەو بۆشاییە ناوەکییە ئاشکرا بکات کـە ئـەم لاوە تیایدا دەژی.

سـەرەتای گەشـتە ناوەکیەکەشـی، سـاتی پەیوەندیکردنیەتی بە سوپای ڕوسیاوە، کە دەنێررێت بۆ ناوچـەی قـەوقاز بـۆ بەرەنگاربوونـەوەی ڕێگـرو یاخیبووەکـانی تـەتار. بـێ دوودڵـی، ئـۆلینین لەگـەڵ خزمەتکارەکەی، بە حەماسـێکی زۆرەوە، بـەرەو ئـەو گوندەی کە دیاریکراوە، بۆ یەکە سـەربازیەکە هـەنگاو دەنێت.

ئەفراندنی تۆلستۆی لەم نۆڤلێتـەدا لـە باسـکردنی ئەو گەشتەدایە کە لە چوارچێوەی ڕەهەندی ناوەکی ئەم

پاڵەوانەو کەسێتیەکانی تردایە. لە ڕەهەنـدی دەرەکـی ڕۆمانەکەشـــدا، لـــە سروشـــتی جـــوگرافی ناوچـــەکەو کۆمەڵگـەی قـەوقازو ژیـانو ڕۆشـنبیریی ناوچـەکەو ڕوانینی بۆ کۆمەڵگەی مەدەنی ڕوسیدایە. هەمانکات لـە پـاڵ لێکـدابرانی ئـەم دوو ڕەهەنـدە لـە یـەکتری، ئەفراندنەکە دەردەکەوێتەوە.

لە نێو ئەم کۆمەڵگە سەرەتاییە نوێیەشدا، ئـۆلینین ئەو شتانە دەدۆزێتەوە کە دەبنە هۆی سەرنجڕاکێـشانو سەرسوڕمانی. چ لە ڕێـی ئاشـنابوون بـە دانیـشتوانی گوندەکەوە، یا لە گەشـتە ڕۆژانەییەکانیـدا کـە بـەنێو سروشتی ناوچەکەدا دەیکات.

لەوێو لە ڕێگەی ئەو گەشتو ڕاوانـەی کـە سـورە لەسەر ئەوەی بەتەنیا، بۆی بچێت، دەست دەکـات بـە ڕۆچوون بەناخی خۆیدا، تـاوەکو ژمارەیـەکی زۆر وەڵام چنگ بخات کە هاوکاریی دەکات لە دۆزینـەوەی زاتـی خـۆی. لـەنێو دارسـتانەکەدا ون دەبێـتو لـەخۆی دەپرسێ:- *"نهێنی خۆشیی من، لـەم سـاتەدا چـییە؟ ئەی ئامانجی ژیانی لەوەوبەرم چی بووە؟ من بۆ خـودی*

خۆم ژیاومو هەوڵی تێرکردنی ئارەزووەکانی خۆمم داوە، بەڵام شتێکی وام بەدەست نەهێنا کە خۆشنوودو نەمرم بکات. لەگەڵ ئەوەشدا لە ئێستاداو لەم ساتەدا، حەزم بە هیچ شتێك نییە. پێویستیشم بە شتێکی وانییە کە دڵخۆشم بکات!"

دواتر دەڵێت: *ئەو شتەی کە ئێستا منی تێدام بریتییە لە خۆشنودیی ڕاستەقینە. بێگومان خۆشنودیی ڕاستەقینە لەوەدایە کە مرۆڤ بۆ ئەوانی تر بژی، نەك بۆ خودی خۆی.*

ئەمە ڕاستییەکە کە گومانی تێدا نییە. ئارەزووی خۆشنودی، ئارەزوویەکی بنەڕەتیە لە دڵی هەموو مرۆڤێکدایە. خۆشنودی ئامانجی سەرەکیی ژیانە.

ئۆلینین بە ڕێکەوتو لەو گوندەدا دەکەوێتە داوی خۆشەویستی کچێکەوە بەناوی ماریانکا. ئەم کچە کچی ئەو خاوەنماڵەیە کە ئەم تیایدا نیشتەجێیە. بەڵام کچەکە دەستگیرانداری کوڕێکی گوندەکەیە.

لێرەوە ململانێکان دەست پێدەکاتو ئۆلینین هەوڵی ئەوە دەدات کۆنترۆڵی هەستو سۆزەکانی

بكاتو پاساو بۆ خۆی بهێنێتەوە. هەمانكات، خەڵكی گوندەكە بەوپەڕی وریاییو گومانەوە مامەڵەی لەگەڵ دەكەنو هەوڵ دەدەن لێیان نزیك نەبێتەوە.

لەگەڵ بەرێوەچوونی ڕوداوەكان، ئۆلینین هەوڵ دەدات هەستو سۆزی خۆی بۆ ماریانكا دەربڕێت، كە لە سەرەتادا ڕەتی دەكاتەوە، بەڵام دواترو وردە وردە مەیلی بۆ ئۆلینین زیاد دەكات. دانیشتوانی گوندەكەش هەموو ڕەفتارو هەڵسوكەوتە باشەكانی ئۆلینین، تەنیا وەك پاساوی گەیشتن بە ماریانكا، دەبیننەوە.

ئۆلینین لە گەڕانی بە شوێن دەربازبوونو لە هەولێكیدا بۆ بەدەستهێنانی ڕۆڵێكی وا، كە لە ماریانكای دور بخاتەوە، پەیوەندی دەكات بەو تیمەی قەوقازییەكانەوە كە بەرەو شەڕكردن لەگەڵ تەتار دەڕۆیشتن.

بە هیوای ئەوەش بوو، لەم دەستپێشخەرییەیدا، یان وەك پاڵەوان بمرێتو ئازاد بێت لە ئازاری خۆشەویستی، یان سۆزو خۆشەویستی دانیشتوانی گوندەكە بەدەست بهێنێتو دواجار دوای گەڕانەوەی وەك پاڵەوان،

ڕەزامەنـدیی ماریانکـا بەدەسـت بهێنێـت بـۆ شـوو پێکردنی. بەڵام گەڕانەوەی بە سەرکەوتوویی هیواکانی نەهێنایە دی، هەربۆیە گوندەکە بەجێ دەهێڵێت.

سەرچاوە:
پاشکۆی (بیان الکتب)ی رۆژنامەی (البیان)ی ئیماراتی،

کەیبانۆی ماڵ

ماریلین ڕۆبنسۆن

کچە نووسەری ئەمریکی {ماریلین ڕۆبنسۆن} لە ئێستادا بە براوەی خەڵاتی پولیتزەری ئەدەبی ساڵی ٢٠٠٥ دەناسرێت. ئەو خەڵاتەی لە بەرامبەر ڕۆمانی (جیلید) پێی بەخشرا. جیلید بریتیە لە پەیامێکی درێژی ئامۆژگاریکەرێکی تەمەن ٦٧ ساڵە بۆ کوڕە تاقانەکەی، کە تەمەنی حەوت ساڵەو تیایدا باس لە ژیانو بیرو بۆچونو ئەزموونەکانی باوو باپیرانی دەکات لەو شارە بچوکەی کە ناوی (ئیوا)یە.

ماریلین، ساڵی١٩٤٧ لە گەڕەکی **ساندبوینتی** سەر بە شاری ئیداهی لەدایك بووە، دوای دەرچوونی لە زانکۆی براون، لە ساڵی ١٩٦٦ لە بەرنامەی زمانی

ئینگلیزی بۆ دەرچوانی زانکۆی واشنتۆن، تۆمار کـرا.
لە دەوروبەری خوێندنەکەشی ڕۆمانی **کەیبانۆی مـاڵی** نووسـی، کـە دوای بڵاوکردنـەوەی لـە سـاڵی ١٩٨١، سەرکەوتنێکی گەورەی بەدەست هێنا.

دوای بڵاو کردنـەوەی ئـەو ڕۆمانـە، دەسـتی دایـە نوسینی وتاری هەمە جۆرو کـارکردن لـە نمایـشکردنی کتێبـە چـاپکراوەکانی هـاربرو نمایـشەکانی پـاریس‌و نمایشکردنی چـەند کتێبێکـی تایبـەت بـە ڕۆژنامـەی نیویۆرك تایمز. هەرچۆن دەستی کرد بە وانەوتنەوە وەك پرۆفیسۆرێکی میوان لـە ژمارەیـەك کۆلیـژو زانکـۆ. لەوانە زانکۆی (کینت)ی بـەریتانی. ئەمـەو ئەنـدامی وۆرکشۆپی نوسەرانی سەر بە زانکۆی (ئیوا)یە.

لە ڕێگەی وتارێکیشەوە کە بۆ هاربری نووسی، بـە ناونیشانی {چەند هەواڵێکی ناخۆش لە بـەریتانیاوە}، دەستی دایە کارکردن لە نووسینی کتێبێکی ڕەخنـەیی بە ناونیشانی {نیـشتمانی دایـك، بـەریتانیا، ڕەوشـی هەنوکـەیی لەگـەڵ پیـسبوونی ئەتۆمـدا} کـە سـاڵی ١٩٨٩ بڵاوی کردەوە، کە چـووە چوارچـێوەی کلێـشە

کۆتاییەکانی کتێبە پالێوراوەکان بۆ خەلاتی کتێبی نیشتمانی. لەم کتێبەدا ئاکامی بلاوکردنەوەی پیسبوونی ژینگە بە هۆی میکانیزمی کارکردنی کارگەی سیلافیلد، کە تایبەتە بە چارەسەرکردنی کارلێکە ئەتۆمییەکان، دەخاتە ڕوو.

هەروەك چۆن لەو ساڵەدا کۆمەڵە وتارێکی لە کتێبێك بە ناونیشانی {مەرگی ئادەم}دا بلاو کردەوە، کە کۆمەڵێك وتار بوون لە بارەی بیرە نوێکانەوە. لەم کۆمەڵە وتارەدا، باسی چەندین بابەتی هەمەجۆری کردووە وەك: جۆن کالفین، داروین، فرۆید، و زانا دەرونییەکانی چەرخی بیستەم.

لە نووسینەکەیدا ڕەخنەی لەو بیرو بۆچوونانە گرتووە کە لە ڕێگەی ڕۆشنبیرانێکەوە سەبارەت بە تیۆرەکانی ئەو کۆمەڵە بیریارە، پێمان گەیشتووە.

ئەوەی جێی باسە، ڕۆمانە نوێکەی (جیلید)، دوای چاوەڕوانی بیست ساڵێك گەیشتە دەستی خوێنەران.

پێدەچێت خوێنەریش سەری بسوڕمێت کاتێ بزانێت کە ئەم نووسەرە لە ساڵی ١٩٩٨ مینحەیەکی لە لایەن

ئەکادیمیای ئەمریکی بۆ هونەرو پەیامەکان، بە بڕی ٢٥٠ هەزار دۆلاری ئەمریکی، پێشکەش کرا. ئەویش بە ئامانجی هاوکاریکردنی نووسەر بۆ خۆتەرخانکردن بۆ نووسینو ئەفراندن، بێئەوەی پێویستی بە هەر کارێك هەبێت، نەبا بەرهەمەکانی پەك بخات. بەڵام دوای مۆڵەتێك کە هەشت مانگی خایاند، دەستبەرداری ئەو مینحە ماددیە بوو، تاوەکو بگەڕێتەوە بۆ کایەی وانەدانو وەرشەی نووسەران.

ئەم هەڵوێستەشی بەمجۆرە پاساو دایەوە: *"حەزم لە بواری خوێندنە، ناتوانم وەسفی ئەوە بکەم چەندێکی لێوە فێربووم. وەرشەی نووسەرانیش، کە کاری تێدا دەکەم، بە تەواوی جەخت لەسەر ڕێزگرتن لە نووسینو نووسەر دەکات. چ ئەوەی پەیوەست بێت بە کۆلێژ یا بە خوێندکارەوە، ئەم کارە، کارێکی زۆر پڕ بەرهەمە"*.

بە پێچەوانەی ژمارەیەکی زۆری نووسەرانەوە، ماریلین پرۆژەی نوسینی دووەمین ڕۆمانی بەسەر خۆیدا نەسەپاند. چونکە وا دەبینێت کە نووسین کردارێك، یا پرۆژەیەکی تایبەت بە خۆیەتی. پاشان ملی نەدا بە

داواکاری جیهانی ئەدەبو بڵاوکردنەوە، تا سـەرلەنوێ توانایی خۆیان بۆ بسەلمێنێت.

ماریلین ئەوە بەبیر دەهێنێتەوە کە ئەو شتەی بەرەو نووسینی ڕۆمانی دووەمی راپێچ کرد، مانەوەی بوو لە (ئیوا)و پەیوەستبوونی بـوو بـەو ناوچـەیەوە لـە ڕێـی لێکۆڵینەوە لە مێـژوو و لـە جوگرافیاکـەی. ئەمـەش وایلێکرد هەسـت بـە ئینتیمـاو خۆشەویـستی بکـات بەرامبــەری. ئــەم ئولفەتبوونــەش یارمــەتیی دا بــۆ گەشەکردنی بیرۆکەی ئەم کارە نوێیەی.

بەم جۆرەش گـوزارە لـەو حاڵەتـە دەکـات: *"ئـەو کاتەی کرۆکی مرۆیی سروشتی ناوچـەیەك تێدەگـەین، ئینتمامان بۆی دەبێت، من ئەویندارى ئـەم ناوچـەیەو سروشتە جوانەکەیم"* . جێی باسـە زۆربـەی پاڵـەوانانی ئــەم ڕۆمانــە، لــە پیــاوانی پەیوەســت بــە کەنیــسە، پێکدێت. بە پێچەوانەی ڕۆمانەکەی پێشوویەوە.

ڕۆمانی کـەیبانۆی مـاڵ، کـە سـاڵی ١٩٨١ بـڵاو کرایەوە، ڕۆمانێکە لە بابەتدا نامۆو تێکڕاش باس لـە بێبەشبوونو خـەمو ململانێـی مانـەوەو قۆناغـەکانی

گواستنەوەی منداڵی بۆ لاوێتی، دەکات. ئەمەش لە ڕێگەی ژیانی سێ نەوەی ژنەوە کە بە گۆشەگیری لە جیهانی پیاو، ژیانیان بەسەر بردووە. ئەمەش نەك بە پاڵنەری هەڵهاتن لە پیاوان، بەڵکو ڕەوشی ژیان ئەو دۆخەی بەسەردا سەپاندبوون.

ئەم ڕۆمانە چیرۆکی خێزانێکە کە ژنەکانی پەیوەست بوون بە ژیانو بە یەکترەوە. بە ڕاستیش هەر یەك لەوان، هەوڵی هەڵهاتن دەدەن لە چوارچێوەی خێزانداو بە دیاریکراویش، لەپاش کۆچی دوایی باپیرەیان بە ڕوداوێکی سامناکی شەمەندەفەر، کە بووە هۆی مردنو غەرقبوونی لەنێو دەریاچەیەك.

ڕۆمانەکە بە گێڕانەوەیەك لە زاری (ڕۆز)ی پاڵەوانەوە دەست پێدەکات، دەڵێت: *من ناوم ڕۆزە*. بەم گوزارەیەش کۆتایی دێت: *توانای تەواوم چنگ نەکەوت بۆ جیاکردنەوەی بیرکردنەوە لە خەون.. بێگومان ژیانم ئاراستەیەکی تری دەبوو گەر توانیبام جیاوازییەکە درك کەم.. ئەوەی فێری بووم، لە قوڵایی هەستەکانمەوە سەرچاوەی گرتووە، کە پێدەچێت ئەندێشەم کردبێت.*

ڕووداوەکانی ڕۆمانەکە، لە نیوەی ساڵی ١٩٠٠و لە ماڵی خێزانێکی گۆشەگیر کە دەکەوێتە نزیك دەریاچەیەکەوە، لە ناوچەی (فنگر بورن)، لە هەرێمی ئیداهۆ، ڕوودەدات.

ڕۆز، بچوکترین کچی خێزانەکە، بووە بە هاوەڵی (لوسیل)ی خوشکی، دوای مەرگی دایكو باوکیان، کە بە ئۆتۆمبێلەکەیانەوە دەکەونە دەریاچەکەوەو دەخنکێن، دەچنە ناوچەی (فنگر بورن) بۆئەوەی لەگەڵ داپیرەیان بژین. داپیرە دوو منداڵەکەی پەروەردە کردو ئەم دوانە تەنیا ماڵو کەرەستەی جیهانی داپیرەیان پێکدەهێنا کە بوونو مانەوەی لێیانەوە بەدی دەکرد.

لەگەڵ مردنی داپیرە، چاودێریکردنو پەروەردەکردنی ئەم دوو کچە دەدرێتە پورێکی قەیرەیانو دواجار لەگەڵ پورە (سیلفی)و (دووما) لەهەمان ماڵدا جێگیر دەبن.

پورە سیلفی، کە کەسێتیەکی تەمومژاویو هەڵسوکەوتی سەیری هەیە، ڕەزامەند دەبێت بۆ گەڕانەوە بۆ (فنگر بورن) بۆ سەرپەرشتیکردنی دوو

کـــچەکە. ســـەرەتا، لـــە ڕوانینـــی ئـــەو دوو کـــچەوە، کەسێتیی پوریان وا دەنوێنێت کە جێی گرنگیدان نییە، بەڵام لەگەڵ تێپەڕینی کاتـدا، شـتی چـاوەڕواننەکراو و سەیر لە هەڵسوکەوتی پوریان بەدی دەکەن.

لوســـیل، ســـور دەبێـــت لەســـەر ئـــەوەی ژیـــانێکی موحافیزکارانـــە بـــۆ خـــۆی هەڵبـــژێرێت، هەربۆیـــە لـــە خێزانەکەیو پوری جیـا دەبێتـەوە، بـەڵام ڕۆژ کـە تـا ئێستا کچێکی فکر کـراوە نییـەو کامـڵ نـەبووەو لـە حاڵەتی پرسئامێزو خەمدا دەژی، بەهۆی لەدەسـتدانی دایـكو باوکیـەوەو هـەروەها گۆشـەگیر مانـەوەی لـە کۆمەڵگەو جیهانی دەرەکیدا، ڕەخنە لـە ڕوانینـەکانی پوری دەگرێت، لـەو بارەیـەوە دەڵێـت:- *بیرکردنـەوەی نەنکم کـە خـۆی لـە پەیوەسـتبوونێکی تـەواوەتی بـە ماڵـــەوەدا دەبینێتـــەوە، بیرۆکەیـــەکی شـــێواو و تەمومژاوییـە. وا باشـترە خـاوەن هـیچ شـتێك نـەبین. تەنانەت ڕۆژێك لـە ڕۆژان ئێسکەکانیـشمان لەدەسـت دەدەین. ئەو کاتەی ئێمە تەنیا دەبین، ئاسـتەمە جگـە لە تەنیایی بیر لە هیچ شتێکی تر، بکەینەوە.*

لــه کۆتایــدا ڕۆژ، ماڵەکــه دەســوتێنێتو لەگــەڵ پورەکەیدا ماڵئاوایی لە ژیانی رابردوو دەکەنو دەست دەکەن بە دۆزینــەوەی ژیــانو ڕاســتیەکان لــه ڕێگــەی گەڕان، بە دووی وردو درشتییەکانی ژیانەوە.

لـــەم ڕۆمانـــەدا، نووســـەر توانایـــەکی گـــەورەی دەرخـــستووە لـــە وەســـفکردنی سروشـــتداو لـــەپاڵ پەیوەستکردنی چارەنووسی کەسایەتی ڕۆمانەکـە بـە کەلەپوورو جوگرافیــای ناوچەکەشــەوە، کــە خــۆی لــە دەریاچەو شاخەکانی دەوروبەریدا دەنوێنێت. لەپاڵ ئــەو زمانە شیعرییەی کە زیاتر چـیرۆکەکەی جـوان کـردوەو خوێندنەوەی ڕۆمانەکەشی وەك خوێندنــەوەی شــیعرێك لێ کردووە.

سەرچاوە:

پاشکۆی (بیان الکتب)ی رۆژنامــەی (البیــان)ی ئیمــاراتی. رۆژی ١٨ی یۆلیۆی ساڵی ٢٠٠٥.

کۆتاییهێنانی پەیوەندی خۆشەویستی

گراهام گرین

گراهــام گــرین، ڕۆماننووســێکی گەورەیــەو گــەلی بەریتانیا بە ڕابەری ئەدەبیی زمانی ئینگلیزیی دەزانن. ڕۆمانەکانی وێنەگــەلێکن، گفتوگــۆ لەگــەڵ خوێنــەردا دەخــولقێننو بــەرەو ئــەو شــوێنو هەســتو ســۆزانە دەیانگوێزنەوە کە چیرۆکەکەی تیا چنراوە. ڕۆمـانی "ئەمریکیە هێمنەکە" ساڵی ١٩٥٨ بە هــەمان نـاوی خۆیــەوە، کرایــە بەرهــەمێکی ســینەماییو لەلایــەن ڕەخنەگرانەوە، ستایش کرا.

ڕەخنەگرە ئەمریکیەکان، لەو دەمــەدا گــرین-یـان بــەوە تۆمــەتبار کــرد کــە لــە ڕۆمــانی ئەمریکیــە هێمنەکەدا کە لە ساڵی١٩٥٥ بڵاو کرایــەوە، هێرشــی

کردۆتە سەر وڵاتە یەکگرتووەکانو باس لـە ململانێـی نێـــوان ڕۆژنامەنووســـێکی بـــەریتانیو بەرپرســـێکی ئەمریکی لە ڤێتنام، دەکات.

ڕۆژنامەی گاردیانی بەریتانی ئەوەی ڕاگەیانـد کـە ڕۆماننووســی ئینگلیــزی بــەناوبانگ گراهــام گــرین، بــــەهۆی دیــــدارو چــــاوپێکەوتنەکانیەوە لەگــــەڵ کەسایەتیەکانی وەك فیدڵ کاسترۆی ســەرکردەی کوبــا، هەروەها هاوڕێیەتیشی لەگـەڵ سـەرکردەی نیکـاراگوا (دانیس ئۆرتیگا) {کە وەك چەقۆیەك وابوو بە پـشتی واشینتۆنەوە} بە دژە-ئەمریکا وەسف کرد.

ئەمەو ڕۆژنامەکە ئاماژە بەوەش دەدات: بـە پێـی ئەو دۆکیۆمێنتانەی کە ئاشکرا بوون، لـە سـەروەختی جـەنگی ســارد-دا، لەلایــەن دەزگــا ســیخوڕییەکانی ئەمریکاوە، سانسۆرێکی گەورە خرابووە سەر جموجۆڵو نامەکانی گراهام گرینو ڕێگە نەدراوە بێتە نێـو وڵاتـە یەکگرتووەکانەوە، چونکە بۆ ماوەیەك ئەندام بـووە لـە حیزبــی شــیوعی. هــەر بــە هــۆی بــیرو بۆچــوونە چەپڕەوەکانیشیەوە بوو کە خەڵاتی نۆبڵی نەدرایە.

گراهام گرین لە برکهامستد، لە ساڵی ١٩٠٤ لـە ئینگلتــەرا لــەدایك بــووەو لــە زانکــۆی ئۆکــسفۆرد خوێندوویــەتی. لــە نووســینی کورتەچــیرۆكو ڕۆمانــدا بەهرەمەند بووە.

لە ســەروەختی جــەنگی جیهــانی دووەم پەیوەنــدی کردووە بەڕێڕەوی دبلۆماسیەتەوە لەڕۆژئاوای ئــەفریقا. لە گۆڤاری **سبکتیتورو** پاشان لە ڕۆژنامەی **تــایمز** وەك ڕۆژنامـــەنووس کـــاری کـــردووە. لـــە بەرهەمـــە بڵاوکراوەکانی:- تاشە بەردی براتیــون **١٩٣٨**، هێــزی نەمری **١٩٤٠**، بریکــاری تایبــەت **١٩٣٩**، وەزارەتــی پایز **١٩٤٣**، پیــاوی دەیــەم **١٩٦٥**، پیاوەکــەمان لــە هاڤانا ساڵی **١٩٦٨**.

ڕۆمــانی (کۆتــایی پەیوەندییــەکی خۆشەویــستی **١٩٥١**)، چــیرۆکێکی خۆشەویـــستی پڕاوپـــڕە لـــە واقعیەتو وردو درشتیی قووڵو پڕ ئامانج دەگێڕێتەوە.

ناوی ڕۆمانەکە ئاماژەیە بە کۆتایی پەیوەندییــەکی خۆشەویستی، بەم جۆرەش ڕۆمانەکە بە پەیوەندییــەکی خۆشەویستی دەست پێدەکات کە نزیکەی ساڵو نیوێك

دەبێت خۆشەویستییەك لە نێوان **مـوریس بەنـدرکس**و **سارا مایلزی** خێزانی هێنری، کۆتایی هاتووە.

پەیوەندییەکـــە چـــوار ســـاڵی خایانـــدو پاشـــان ســـەرلەنوێو لـــە جـــۆرە پەیوەندییـــەکی تـــرداو دوای لێکـدابڕانی سـاڵو نیوێـك سـەری هەڵدایـەوە. ئـەم پەیوەندییە تێکهەڵکێش بوو بە ڕووداوەکـانی جـەنگی جیهانی دووەم لە کومون-ی بەریتانیا.

لـەم ڕۆمانـەدا ململانێیـەکی فکـری لـە نێـوان عەلمانیەت و کاسۆلیکیەتدا بەدی دەکرێـت. بنـدرکس لەم ڕۆمانەدا نووسـەرێکەو لـە خێزانـی مایـك نزیـك دەبێتەوە بە ئامـانجی لێکۆڵینـەوە لـە بـاری پیـشەیی هێنری کە فەرمانبەرێکی حکومییەو دەکەوێتـە داوی خۆشەویستی سارای خێزانیەوە. لەلای هێنری، بندرکس تەنیا هاوڕێیەکی خێزانەکەیە، بەڵام زۆر لەوە زیاتر لـە سارای خێزانیەوە نزیك بوو.

بنـدرکس، هێنـری بـە کەسـێکی تـەواو تەقلیـدی وەسـف دەکـات، کـە زۆربـەی کـات بـە کارەکەیـەوە سـەرقاڵەو هـیچ گرنگییـەك بـە سـارای خێزانـی و

پێداویستیه فکریی وسۆزدارییەکانیشی نـادا. ئەمــەش وای لە سارا کردووە، پــەنا بباتــە بــەر پەیوەندییــەکی ئەویندارى لە دەرەوەی چوارچێوەی هاوســەرگیرییەکەی خۆیداو دان بنێـت بــە پەیوەندییــە پێـشینەکانیدا بــۆ بنــدرکس. ئــەم ددانپێدانانــە، دەبێتــە هــۆی ئــەوەی بندرکسی نووسەر، ئیرەیی لا دروست بێت. زۆر ســارای خۆشدەویست، بەڵام ئیرەییــە زۆرەکــەی، ئــازاری دەداو گومــانی لا چــەکەرە کردبــوو و وایلێکــرد هەسـت بــە ڕقلێبونەوەی سارا بکات.

بۆیە بەر لە کۆتایی پەیوەندییەکەیان، پێی دەڵێـت: *"لام باشترە کە بمرم، یاخود بە مردوویــی بتبیــنم، وەك لەوەی تۆ لەگەڵ پیاوێکی تردا ببینم. مــن شــاز نــیم. ئەمە خۆشەویــستییەو بــۆ مرۆڤــ ئاســاییە. لــە هــەر کەسێك بپرســی، ئەگــەر تــەنها ڕۆژێـك خۆشەویــستی کردبێت، هەمان شتت پێ دەڵێت"* .

دوای ساڵ و نیوێك لە کۆتــایی پەیوەندییەکــە، بــە ڕێکەوت هێنریی مێردی ســارا، بنــدرکس دەبینێـت و

باسی ئەوەی لا دەکات کە گومانی هەیە لەوەی سارای خێزانی، پەیوەندی بە کەسێکی ترەوە هەبێت.

دیسان ئەمە دەبێتەوە هۆی جولاندنی ئیرەیی کۆنی بندرکس، کە پڕاوپڕ بوو لە خۆشەویستی و ڕقلێبوونەوە. بۆیە دەکەوێتە چاودێریکردنی ساراوە.

ئیرەییەکانی بندرکس، دەبێتە شێوازێك بۆ ئازاردانی سارا، بۆیە بە هێنری دەڵێت کە سارای ژنی سەردانی شوقەیەك دەکات کە پیاوێك لەگەڵ خوشکەکەیدا تیایدا دەژی.

بندرکس دواتر تووشی سەرسوڕمان دەبێت کە هێنری سەرجەمی ئەو ناونیشانو وردو درشتییانەی سەردانەکانی سارای خێزانی بۆ لای ئەو پیاوە سوتاندووە. هێنری دان بەوەشدا دەنێت کە ئاگاداری ئەوە بووە کە لە نێوان بندرکس و ژنەکەیدا پەیوەندییەکی خۆشەویستی هەبووە.

هێنری دەڵێت:- *دەمزانی سارا چی دەکات.* بۆیە پرسیار لە بندرکس دەکات: *تۆ بۆچی سارات جێهێشتو پەیوەندییەکەت بچڕاند؟!* لەمەدا بندرکس

لۆمەی هێنری دەکات کە ئەو هۆکاری پچڕاندنی پەیوەندییەکانیان بووە.

لەگەڵ هەموو ئەمانەشدا، سارا هەر لە خۆشەویستی بندرکسدا ماوەو بەوەفا بوو بەرامبەر ئەو پەیوەندییە، تەنانەت دوای کۆتاییهاتنی پەیوەندییەکەشیان، ئەو پیاوە کە داوای بەستنی پەیوەندیو هاوسەرگیری لە سارا کردبوو، ڕەتی کردبۆوە، نەك لەبەر خاتری هێنریی مێردی، بەڵکو لەبەر ئەو خۆشەویستییەی کە بۆ بندرکس هەیبوو. دواتر بندرکس ئەم ڕاستییەی لە یاداشتەکانی سارادا بۆ دەرکەوت.

سارا وای دەڕوانی کە خۆشەویستی پەیوەست نییە بە کاتو واقیعو بارودۆخەکانەوە. تەنانەت لە دوارۆژی پێکەوەبوونیاندا دەڵێت: *پێویست ناکات بترسی، بە یەکترنەبینینمان خۆشەویستی کۆتایی نایەت. خەڵك بە درێژایی ژیانیان خواوەندیان خۆشدەوێت بێئەوەی بیبینن، ئاخۆ وا نییە؟!.*

دوای لێکدابڕانیــشیان کەوتنــە ژیــانێکی پــڕ لــە ناسۆرەوە، بندرکس ئەندێشەی ئەوەی دەکرد کـە ســارا لەگەڵ کەسێکی تردایەو ڕقی لێ دەبۆوەو شەش مانگی ڕەبەقی ویست تا توانی ڕوخساری سارا لــە ئەندێــشەی خۆی، دوور بخاتەوە. بەڵام سارا بەزەیی بە مێردەکەیــدا دەهاتەوەو هەر لەبەرئــەوەش دەســتبەرداری نــەدەبوو. ساراش بەهۆی لەدەستدانی بندرکسەوە لە قەهردا بوو، کەچی بە وەفاو خۆشەویستییەوە بۆی مایەوە. تەنانەت جارێکیــان بڕیــار دەدات مێردەکــەی بــەجێ بهێڵێــتو بچێت بۆ لای بندرکسی خۆشەویستی، بەڵام لەبەر ئــەو بەزەییەی بۆ مێردەکەی هەیبوو، ئەو کارەی نەکرد.

بنــدرکس لــە دوای ئــەوەی یاداشــتەکانی ســارا دەخوێنێتــەوە، بڕیــاردەدات لــە مێردەکــەی بکــاتو لەگەڵیــدا بــڕوات، پەیوەنــدی پێــوە دەکــات، بــەڵام تەندروستیی سارا زۆر خراپ ببوو، بۆیە هەوڵی دا کـە نەهێڵێت بندرکس بێت بۆ لای، بەڵام ئەو هەر سور بوو لەسەر ئەوەو داوای لێ کرد لەگەڵیدا بڕوات.

سارا زۆر نەخۆش بوو، بەڵام هەرگیزو تەنانـەت لـە یاداشتەکانیشیدا باسی لە نەخۆشییەکانی نەدەکرد.

سارا دوای هەشـت ڕۆژ لـەو چـاوپێکەوتنە کۆچـی دوایی کرد. سارا مردو مێردەکـەیو خۆشەویـستەکەی دڵنــەوایی یــەکتریان دەکــرد. دەڵــێن خۆشەویــستی و ڕقلێبونەوە دوو دیوی یەك هەستو سۆزن.

سارا لە خۆشەویستییەکەی بۆ بندرکس و سەرەڕای ناسۆرییەکانی، بڕوای بەوە هێنا کـە خۆشەویـستی بـە کۆتایی پەیوەندییەکی ئەویندارانە، کۆتایی پێنایەت.

سەرچاوە:

پاشکۆی (بیان الکتب)ی رۆژنامەی (البیـان)ی ئیمـاراتی-رۆژی ١٩ی مایو ساڵی ٢٠٠٥.

ئاكيه.. سالاْنى مندالْى

ول سوينكا

(ئاكيــه.. ســالاْنى منــدالْى) ڕۆمانێكــەو ســالْى ١٩٨٦ بە هۆيەوە نوسەرەكەى خەلاْتى نۆبلْى جيهــانيى بەدەست هێنا. ول ســوينكا گــرنگترينو بــەناوبانگترين نووسەرى ئەفريقيە لە لايەن زانكۆى (يل)ەوە دكتــۆراى فەخرى لەئەدەبدا پێ بەخشراوە. سوينكا سالْى ١٩٣٤ لــە (ئــەبيوكوتا)ى باشــورى ئــەفريقا لــەدايك بــووە. يەكەمين هەولْى لە نووسينى ڕۆماندا لەگـەلْ ســەرەتاى چوونە زانكــۆ دەســتپێكردو يەكــەمين چيرۆكيــشى لــە سالْى ١٩٥١ لە ڕاديۆ پەخش كرا.

سـالّی ١٩٦٠ یەکـەم ڕۆمـانی بـەناوی "سـەمای جەنگەکان"ەوە بڵاو کردۆتەوەو دواتـر ژمارەیـەکی زۆر لە ڕۆمانی تری وەك: ڕاڤەکارەکان، وەرزی ئاژاوەگێڕی، لەناو گومەزدا، ڕەگەزی بەهێز، مـەرگ، زلهێزەکـان ی بەدوادا هات.

سوینکا کۆمەڵێك دیـوانی شـیعری هەیـە کـە لـە نێوان سالآنی ١٩٦٦ تا ١٩٦٩ بـلآوی کردوونەتـەوەو هەروەها خاوەن چەند بەرهەمێکی شانۆییە لەوانە شێرو گەوهەر، خێڵی بەهێز، ڕێگا. سوینکا خاوەن کۆمەڵێك توانستی هەمەجۆرە، ڕەخنەگرو ئەکتـەرو دەرهێنـەری شانۆیی ڕادیۆییەو هەمانکاتیش مامۆستای زانکۆیـە. سوینکا، هەنووکە مامۆسـتای زانکـۆی (ئـایف)ە لـە نایجیریا.

ڕۆمـانی ئاکیـە.. سـالآنی منـدالّی، چـیرۆکێکی ڕاستەقینەی مندالّیی ول سوینکایە، ئەو چیرۆکەیە کە هاوکات بوو لەگەڵ ڕووداوەکانی پێش جەنگی جیهـانی دووەمو دوای جەنگ، لـەو قۆناغـەدا "ول" لـە شـاری ئاکیە لە ڕۆژئاوای نێجیریا دەژیاو تەمەنی تـەنها سـێ

سـاڵان بـوو، لـەم ڕۆمانـەدا "ول" ئـەو ڕووداوانـە دەگێڕێتەوە کە بە سەریدا هاتووە هـەتا گەیـشتنی بـە تەمەنی دە ساڵی.

ول، مناڵێك بوو لە پرسیارکردن نەدەوەستا، پرسیار لە هەر شتێك کە بە خەیاڵدا بێـت، پرسـیار لـە دوای پرسـیار، لـە چـاو ئـەو تەمەنـە بـچوکەیدا خـاوەن هوشـیارییەکی گـەورە بـوو و لـە ڕادەبـەدەر خـاوەن خۆشەویستی بوو بۆ زانستو زانینو دۆزینەوە.

ول ئیرەیی بە "تینی"ی خوشکی دەبرد کە دەچـێت بۆ قوتابخانەو جیهانێکی جـوانترو فـراوانتری هەیـە لـە جیهانی ئەم، بۆیـە بڕیـار دەدات ئـەمیش بـچێت بـۆ قوتابخانـە. لـە کاتێکـدا هێـشتا تەمـەنی سـێ سـاڵ نەدەبوو.

ول دەڵێت: *جارێکیـان بـە دزییـەوەو لـە ڕێگـای پەنجـەرە کراوەکـانی پۆلەکانـەوە کەوتمـە سـەیرکردنی پۆلەکانو گوێم لە غەڵبە غەڵبی قوتابییـەکان بـوو کـە نەمدەزانی باسـی چـی دەکـەنو هـەر لـەوێوە سـەری قوتابییەکانم دەبینی کە لـە دۆخێکـی وریاییـدا بـوونو*

مامۆستاش لەناو پۆلەکەدا بەدەم وانە وتنەوەوە هاتوچۆی دەکردو قسەی بۆ قوتابییەکان دەکردو ئەوانیش بەوپەڕی وریاییەوە گوێیان بۆ ڕاگرتبوو.

ساتناساتێکیش لەبەشە جیاوازەکانی قوتابخانەکەوە گوێم لە گۆرانی دەبوو، هەندێ جاری تریش ڕاستەوخۆ گوێم لە گۆرانی دەبوو، کە بە هاوەڵی ئاوازی هارمۆنی دەوترا و لەدوای بەرجەستەکردنی سرودە ناوخۆییەکان و دابو نەریتە ئاینییەکانیش، پۆل پۆل دەهاتنە دەرەوەو دەکەوتنە یاریو بازبازێن.

تینی، بەچوونە قوتابخانە، بووە خاوەن جیهانێکی نوێ لە یاریکردن. تینی بوو بە خاوەن شوێنێکی نوێ بۆ یاریکردنو وێنەکێشان. تینی بەیانیان زوو لەخەو هەڵدەستا و یەکێك لە منداڵە گەورەکانی ماڵەکەمان دەیبرد بۆ قوتابخانە. یارییەکانم بەهایان نەمابوو، بەڵام من هەر پێدەکەنیم. سەرەڕای تەنیاییم، داوای ئەوەم نەدەکرد کە بچم بۆ قوتابخانە، بەڵام لە یەکێك لە سپێدەکان لەگەڵ تینی بەخەبەر هاتمو دەستو پلم شۆردو نانی بەیانیم خواردو سور بووم لەسەر ئەوەی

ئەم جۆرە جلوبەرگە بکەمە بەر کە لە جلی قوتابخانەی (تینی) دەچوو و هەندێك لەو کتێبانەم هێنایە خوارەوە کە لە کتێبخانەکەی باوکمدا بوو و گرتمە دەستمو لـە ژوورەکەی پێشەوە خۆم مات داو چاوەڕوانی دەرچوونی تینیم کرد لەگەڵ هاورێییەکیدا.

دوای چـەند خولـەکێك کتێبـەکانم هـەڵگرتو بەهێواشی، دوایـان کـەوتم تـا گەیـشتمە قوتابخانــە.. کـەمێك لـە لای دەرگاکـەوە چـاوەڕێم کـرد و چـوومە تەنیشتی تینی خوشکمەوە. مامۆستا لـەکاتی هاتنـە ژوورەوەی بۆ پۆلەکە هەستی بە جموجـۆڵێکی سـەیری قوتابییـەکان کـرد کـە هـەموویان بـە بـوونی مـن لـە پۆلەکەدا پێدەکەنین.

مامۆستاکەش هاوڕێی بـاوکی ول بـوو لێـی نزیـك بۆوەو لێی پرسی:. *ئایا ئەم کتێبانە هی باوکت نین؟* ول وتی: *بەڵێ هی باوکمەو مـن دەمـەوێ لێـوەی فێـر بم.* بۆیە مامۆسـتا بڕیـاری دا نـاوی ول زیـاد بکـات بـۆ پۆلەکە، داواشی لێکرد هەر کات کە حەزی کرد ئەوجا

بێت بۆ قوتابخانه. واتا بـۆی هەیـە پابەنـد نـەبێت بـە دەوامكردنەوە وەك تینیی خوشكی.

نەخشە ڕەنگاوڕەنگو تابلۆو شتە هەڵواسـراوەكانی سـەر دیـواری ژوورەكـەو قەڵەمـەكانو كتێبـەكانی وێنەكێـشانو وێنـەی ئاژەڵـەكان، زۆر سـەرنجی ول ی ڕاكێشا. ئەمانە وایلێكرد وا وەڵامی مامۆستا بداتەوە: *نا .. من هەموو ڕۆژێك دێم بۆ قوتابخانە.* بە پێچەوانەی زۆربەی منداڵانی هاوتەمەنیەوە، ول قوتابخانەی خـۆش دەویـست. بـە پێـچەوانەیانەوە كـە كاتـەكانیان لـە یاریكردندا بە هەدەر دەدا، ول حـەزی دەكـرد گرنگـی بدات بە باخچەو گوڵو هەموو ڕۆژێـك كـاتی تـەرخان كردبوو بۆ ئەم كارە.

ول هــەر لــە منداڵیــەوە یــاخی بــوو و دەســەڵاتە باڵاكانی بە هەند وەرنەدەگرت، چ لـە پیـاوانی ئـاینی یاخود لە پیاوە گەورەكانی گوندەكەیان. لە یەكێك لـە كۆبونــەوەكانی گوندەكەیانـدا، كـە هــەموو خەڵكەكـە كۆببوونەوە بۆ بینینی گـەورەترین پیـاوی ئـاینی نێـو گوندەكە، دەبوو هەموان بـۆی بـچەمێنەوە. هــەمووان

ملکەچی ئەم نەریتە بوون، جگە لە ول-ی منداڵ، کە لە بەرامبەر ئەم دیمەنەدا وتی: *نا.. من ناچەمێمەوە بۆ ئەم کابرا نامۆیە، تەنانەت ئەگەر باوك‌و دایکیشم تووڕە بن‌و هەوڵبدەن ناچاریشم بکەن، ئەوا هەر ناچەمێمەوە.*

ول دایکی بە مەسیحییەکی شەڕەنگێز وەسف دەکات، کەس‌وکارەکەشی وەك هەموو ئەو خەڵکە تەقلیدییانە بوو کە منداڵیان بە لێدان سزا دەدا، بەڵام سەبارەت بە باوکی، ول حەزی لەو کتێب‌و ڕۆژنامانە دەکرد کە باوکی دەیخوێندەوە.

ئاکیە.. سالانی منداڵی، چیرۆکی منداڵێکی جیاوازە. ئەم منداڵە هەموو وردی‌و درشتییەکی ژیانی خێزانێك دەگێڕێتەوە. لەو ژیانە خێزانییەشەوە بەرەو باسی ژیانی ئابووری‌و کۆمەڵایەتی، بەرەو باسی نەریتی نیشتمان هەنگاوی نا. لە ئاسۆی منداڵیی خۆیەوە، تیشکی خستە سەر ئەو جیهانەی کە هاوکار بوو لە پێکهاتنی ڕۆشنبیرییەکەی لە دەوروبەری حەوت ساڵیی تەمەنیدا.

سەرچاوە: پاشکۆی (بیان الکتب)ی ڕۆژنامەی (البیان)ی ئیماراتی-ڕۆژی ٤ی یۆلیۆی ساڵی ٢٠٠٥

بتوشی جوانکیله

عەزیز نەسین

چیرۆکنووسی تورك، عەزیز نەسین، بە یەکێك لە بەناوبانگترین نووسەرەکانی جیهان لە بواری ئەدەبی تەنزئامێز، دادەنرێت. پێدەچێت خوێنەر سەبارەت بە ئەفراندنەکانی ئەم هونەرە، لای ئەم نووسەرە، کاتێك بە هەڵوێستی ئەم نووسەرە دەزانێت، دووچاری سەرسوڕمان بێت.

لە منداڵیمەوە ئارەزووی نووسینی ئەو شتانەم دەکرد کە خەڵك بخاتە گریان، ڕۆژێکیان یەکێك لە چیرۆکەکانم برد بۆ خانەی گۆڤارێك، لە بری ئەوەی سکرتێری نووسینی گۆڤارەکە لە خوێندنەوەی چیرۆکەکەدا وەك پێشبینیم دەکرد، دەست بکات بە

گریان، کەچی بۆ ماوەیەکی زۆر قاقا پێکەنی و تەنانەت چاوانی پڕ بوو لـە فرمێسك،کە هـێمن بـووەوە وتـی: دەست خۆش....زۆر باشە، زۆرێکی تر لـەم چـیرۆکانەو بەو شێوازە بنووسەو بۆ گۆڤارەکەمانی بهێنە...

نەسـین دەڵێـت: *ئـەم هەڵوێـستە، لــە بـارەی نووسینەکانمەوە، شتێك بوو کە جێی سەرسوڕمانم بـوو. واتا خوێنەرەکانم، بە خوێندنەوەی چیرۆکەکانم، لە بـری گریان، پێدەکەنین. تەنانەت کاتێکیش وەك نووسەرێکی تەنزئامێز ناسرام، مانای ئەو جۆرە ئەدەبەم نـەدەزانی و دواتر لە ڕێی نووسینەوە زۆرجـار دەپرسـم بنـەماکانی ئەدەبی تەنزئامێز چین؟ دەتوانم بڵێم ئەدەبی تـەنزئامێز کارێکی زۆر جدییە.*

عەزیز نەسین لە دەوروبەری جەنگی جیهانی یەکەم و لە ساڵی١٩١٥ لە ئەستەنبوڵ لـەدایك بـووەو نزیکـەی ١٠٠ کتێبی بەچاپ گەیانـدووە، ڕۆژی چوارشـەممە ٥ی یۆلیۆی١٩٩٥ لە دوای نیوەشەو پاش تەمـەنی هەشـتا ساڵ کۆچی دوایی کرد.

نەسین هەر لە سەرەتاوە نووسەرێکی یاخیو دژ بە بیرۆکراتیەتو دیکتاتۆریەت بووە. ژیانی خوێندنی لە دەوروبەری پەیوەندیکردنی بە قوتابخانەی سەربازییەوە دەست پێکردووە. کە تاکە ڕێگەی هەژاران بوو بۆ بەردەوامبوون لە خوێندندا. دوای دەرچوونی بۆ ماوەیەکی کەم، وەك ئەفسەرێك کاری کردو دواتر لە ساڵی ١٩٤٥ دەستی لەکار کێشایەوەو دەستی دایە نووسین. هاوکاری کردووە لە دەرکردنی ژمارەیەك رۆژنامە، کە یان لە لایەن حکومەتەوە دادەخران، یاخود بەهۆی نووسینە ڕەخنە ئامێزەکانییەوە، لێی دەردەکرا.

کارێکی زۆری کردووەو لە زۆربەیان شکستی هێناوە. پاشان لە ساڵی١٩٤٦ لەگەڵ هاوڕێی نووسەری (سەباحەدین عەلی) ڕۆژنامەیەکی ڕەخنەییان بەناوی (مارکوباسا) بڵاوکردەوە کە بووە جێی ڕەزامەندی خەڵکێکی زۆرو چەند ساڵێك بەردەوام بوو. کە دواتر بەهۆی فشارو سانسۆری زۆرەوە لەلایەن حکومەتەوە، بۆ تاهەتایە، داخرا.

عــەزیز نەسـین، نزیکــەی شەســت کتێبــی بــواری کورتەچیرۆك، هەشتا ڕۆمــانو شـانۆگەری، کتێـب لــە بارەی چـیرۆكو سەرگوزشـتەی ژیـانی، بڵاوکردۆتــەوەو سەرجەم کتێبەکانی خاوەن ئەفرانـدنو جیـاوازینو بــۆ زیاتر لە بیست زمان وەرگێڕراونو شانۆگەرییەکانیــشی لە حەوت دەوڵەتدا نمایشکراون.

لە بەناوبانگترین بەرهەمەکانی لەبواری ڕۆماندا کە خۆی تێپەڕاندو وەك نووســەرێك جێپەنجــەی خــۆی لــە بــواری پــەیبردن بــە جیهــانی نــاوەوەی ژنو قــسەکردن لەسەری، خستەڕوو، ڕۆمانی (بەتوشی جوانکیلە)یە کە لە سەرەتای ساڵی ١٩٥٥ بەشێوەی زنجیرە لە ژمارەیەك ڕۆژنامەدا بڵاوکرایەوەو دواتر لە شـێوەی کتێبێــك لــە ساڵی ١٩٧٣و دوای چەند چاکسازییەك بڵاوی کردەوە.

بتوش، ژنی جیاوازییەکانە. ژنێکە کە کۆمەڵگە لە منداڵیەوە تێکی شکاندووە. لە پاکیزەیی منداڵیــشیان داماڵیوە.. لە ڕوانینی ئەم ئافرەتەدا بۆ جیهان، هەست بە بێهیوایی‌و نائومێدییەکی زۆر دەکرێت. هەســت بــە ڕۆتینی دووبارەبوونــەوەی ژیــانی خــۆی دەکــاتو وەك

خۆی دەڵێت: *بە بۆچوونی من شتەکان هیچ بەهایەکیان نییە.* ئەمە ئەو پاڵەوانە ئەفسانەییەیە کە بەچەندین ناوو کەسایەتی هەمەجۆر ناسراوە.

یەکێك لە بنەماکانی سەرکەوتنی ئەم ڕۆمانە، ئەوەیە کە نەسین گێڕانەوەی ڕوداوەکانی بەجێ هێشتووە بۆ دەوروبەری دەرەوە، کە بە پێی تێڕوانینو ئاستی کەسێتیە جیاوازەکانە. بەو پێیەش کۆمەڵگە وەك ئافرەتێکی جوانی نەرجسیو بەندی ئارەزووەکانی و وەك هەڵوەدایەکی پارەو دەسەڵات، وێنەیان کردو هەمیشە جێی گرنگیدانی هەمووان بوو.

سەبارەت بە جیهانی هاوڕەگەزەکانیشی، واتا ژنان، بیرو بۆچوونەکانی ژنان لە بارەی بتولەوە پۆلێنی دوو بەرە بوون، بەرەیەکیان بەهۆی هەڕەشەکردن لە پێگەیانو فریودانی مێردەکانیان لە دژی بوون. بەرەکەی تریشیان لە ڕوانگەی ئەوەی هاوکاری دەکردن لە چوونە ناو جیهانی پیاوانو پێزانینی ئەو شێوازانەی کە پیاوی پێ کێش دەکرێتو دەتوانن مێردەکانیان بپارێزن، پاڵپشتیان دەکرد.

ئەمەو لەلایەن چینی نێوەندیشەوە بە سـیمبولێکی نیـــشتمانی وێنـــە دەکـــرا، کـــە خزمـــەت بـــە وڵاتو ژمارەیەکی زۆری بێنەوایانو نەدارەکانی دەکرد.

سەرچاوە:

پاشکۆی (بیان الکتب)ی رۆژنامەی (البیان)ی ئیماراتی

زەردەخەنەیەك

فرانسواز ساگان

رۆماننووس‌و نووسەری شانۆی فەرەنسی فرانسواز ساگان لەکاتی دەرکەوتنی یەکەمین ڕۆمانی بەناونیشانی (سپێدە باش ئەی پەژارە) ساڵی ١٩٥٤ ناوبانگێکی جیهانی فراوانی بەدەست هێنا.

ئەم نووسەرە ئەفرێنەرە، ساڵی ١٩٣٥ لەدێی کاجارك لە باشوری فەرەنسا لە خێزانێکی بۆرژوازی لەدایك بووە. بە دیاردەیەکی ئەدەبی‌و گرنگترین ئەو دیاردانە دادەنرێت کە فەرەنسا لە چەرخی بیست بەخۆیەوە بینی. هەرچەندە ڕۆمانی یەکەمی لە دەوروبەری تەنها حەوت هەفتەو لە هاوینی دووەمین ساڵی خوێندنی لە زانکۆی سۆربۆن‌و لەپاش کەوتنی لە تاقیکردنەوەکاندا، نووسی.

ناوی ڕاستەقینەی خێزانەکەشی بریتیە لە (کورایز)، بەڵام خۆشەویستیی زۆری بۆ ڕۆمانی مارسیل برۆست، بە ناوی (گەڕان لە کاتی لەدەستچوودا)، وای لێکرد ناوی ساگان وەك نازناوێکی هونەری هەڵبژێرێت بۆ خۆی کە هەمانکات ناوی یەکێك لە کەسایەتیەکانی نێو ڕۆمانەکەشە. ئەم ڕۆمانەو ڕۆمانی (زەردەخەنەیەك)، کە لە ساڵی ١٩٥٦ بڵاو کرایەوە، وای لێکرد بەناوی نەوەی خۆی (تازە پێگەیشتووان)ەوە قسەبکات.

ساگان، وەك زۆربەی ئەدیبەکانی هاوچەرخی خۆی، بە هۆی ئەوەی بە جۆرێك ئەوروپاو بەدیاریکراوی فەڕەنسا، پاش جەنگی دووەمی جیهان شۆڕشێکی گشتگیری بەسەر بەهاو بەندە بەسەرچووەکاندا، بەخۆوە دەبینی، ژیانێکی هەژارانەی لە نمونەی سیمۆن دو بوڤوارو سارتەرو چەندانی تر، بەسەربرد.

ساگان بەوە ناسرابوو کە خۆشەویستییەکی زۆری هەبوو بۆ ژیانو خێرا لێخوڕینی ئۆتۆمبێل. بۆیە ئەمە دووچاری ڕووداوێکی ئۆتۆمبێلیشی کرد، کە وەخت بوو بەهۆیەوە ژیان لەدەست بدات.

سـالّی ١٩٥٨، شـووی کـرد بـه (گـای شـولر)ی بڵاوکەرەوەو دوای دوو ساڵ لێی جیا بۆوەو دواتـرو لـە ساڵی ١٩٢٦ شووی کرد بـە پەیکەرسـازی ئـەمریکی (روبرت ویستهۆڤـ)و منداڵێکی لێ بوو و دواترو پـاش تێپەڕینی دە ساڵ، لەیەکتری جیابوونەوە.

ساگان نزیکەی ٤٠ ڕۆمانو شانۆگەریی نووسـیوەو لـە سـاڵی ١٩٦٠یـشەوە خـۆی تـەرخان کـردووە بـۆ نووسینی شانۆگەری، سەرەڕای بـەهێزیی بابەتـەکانیو جیاوازی دایەلۆگەکانی لە قووڵیو گاڵتەئامێزی، بەڵام سەرکەوتنێکی خاکەڕاییانەی بەدەست هێنـاو ئەمـەش وایلێکرد کە بگەڕێتەوە بۆ جیهانی ڕۆمان-نووسین.

گرنگترین ڕۆمانەکانی بریتین لە: (سپێدە باش ئـەی پەژارە)، (زەردەخەنەیەك)، (لە مـانگێکی سـاڵێکدا)، (پەڵـە هـەورە جوانـەکان)، (بەرگـە وەنەوشـەییەکەی فالانتاین). سەرەڕای ئەمانە چەندین وتاریشی نووسیوە کە پێشتر لە ڕۆژنامەکاندا بڵاو کرابوونەوە.

زۆربەی کەسێتیی نێو ڕۆمانـەکانی، بـە تـەنیاییو بێ-هیواییو بێزاری لە پەیوەندییـە ئەوینداریەکانـدا

جیادەکرێنەوە، کە وایان لێدەکات بەهەر شێوەیەك بێت بگەڕێن بەشـوێن چـێژدا.جێـی باسـە هـەموو ئەمانـە کاریگەری گەورەی هـەبوو بەسـەر ژنـە نووسـەرەکانی دوای خۆیەوە.

ڕۆمانی "زەردەخەنەیەك" وێنەی حاڵەتی دەروونـی دوو کەسایەتی دەکێشێت کە هەریەکان بـە بێزارییـەوە هەوڵ دەدەن بۆشایی سۆزداریی یـەکتر پڕبکەنـەوە. لـە ڕێی ئەم هەوڵدانەشەوە خەریکە ژیـانی کەسـێتیەکانی دەوروپشتیان تێك دەدەن.

دومینیکـی پاڵـەوانی ڕۆمانەکـە خوێنـدکارێکی قۆزەو لە زانکۆی سۆربۆن دەخوێنێتو دیلی هەر یـەك لە دایكو بـاوکێتی کـە دووچـاری نەخۆشـی دەروونـی بوونو ڕۆژگارێکی درێـژ لـە حاڵـەتی پرسـەدا دەژیـن بەهۆی کۆچـکردنی کوڕێکیانـەوە کـە لـە ڕووداوێکـی ئۆتۆمبێلدا، لەناو چووە. هـەروەها دومینیـك، دیلـی بیرتراند-ی دەستگیرانیـشێتی کـە گرنگـی تـەواوەتی نادات بە خەونو خواستەکانی.

گرێی ڕۆمانەکەش لەو چاوپێکەوتنەدا دەردەکەوێت کە بیرتراند، دەسگیرانەکەی (واتا دۆمینیك) بە مامو ئامۆژنی دەناسێنێتو لە یەکەم ساتی چاوپێکەوتنەکەشدا دومینیك هەست بە مەیلێك دەکات بۆ ئەو دوو کەسێتییە، ئەویش لەبەر چەند هۆکارێك. (لوك)ی مامی دەستگیرانەکەی کەسێکی زۆر کەشخەو جوانەو وەك کەسێکی بڕوابەخۆ دەردەکەوێت. ئەمە جگە لەوەی کە مێبازیشە، هەمانکات (فرانسواز)ی خێزانی (واتا ئامۆژنەکە) کەسێتییەکی سادەو بێئاگایە لە کێشە سۆزدارییەکانی مێردەکەی.

دومینیك لە ڕێگەی گرینگیدانی تەواویەوە بە (لوك)ەوە، هەوڵ دەدات بۆ ئەو خۆشەویستییە بەدەست بهێنێتەوە کە لەخێزانەکەیدا ونی کردبوو. لە کاتێکدا (لوك) وەك نێچیرێکی باش لێی دەڕوانێت. سەرەڕای ئەوەش بە شێوەیەکی پێشبینینەکراو پەیوەندییەکانی نێوانیان گەشە دەکات.

لەو کاتەشدا دومینیك لە فرانسوازی خێزانی لـوك نزیك دەبێتەوەو وەك دایکی دووەمی خـۆی مامەڵـەی لەگـەڵ دەکـاتو کـە ئـەویش لـەکاتی جیابوونـەوەی دۆمینیك لە بیراتراند، داکۆکی لە دومینیـك دەکـات، هەروەك چۆن جلو بـەرگی بـۆ هەڵدەبـژێرێتو ڕەیـن-کۆتێکی سوریشی وەك دیارییـەك پێـشکەش دەکـات. دومینیك، ئەو بایەخو خۆشەویستییە بە ڕەزامەنـدیو گرنگییـەوە وەردەگرێـتو لـە ناخۆشـیو ململانـێ دەروونیەکانی زیاد دەکاتو وردە وردە پەیوەندیـەکانی نێوانیان سیفەتی دایكو کچ وەردەگرێت.

دومینیك ئەو بایەخە گەورەیـەی کـە لـە هـەموو لایەك پێی دەدرێ، بە شتێکی خۆش دەزانێـتو هـەوڵ دەدات بـەرەنگاری هەسـتو سـۆزەکانی بێتـەوە لـە بەرانبەر لوکدا، یـان هـیچ نـەبێت پـشتگوێیان بخـات ئەویش لە ڕێگەی گەڕانەوەوە بۆ دەسـتگیرانەکەی، بـۆ ئەوەی لۆکیش لە خودی خۆی بپارێزێت.

کاتێکیش کە برتراند دەچێتە ماڵی دۆمینیکەوە، دایکی دومینیك وا هەست دەکات کە بیرتراند کوڕە ونبووەکەیەتی، ئەمەش وای لێدەکات، هەڵبێت.

ئەم هەڵوێستە تووڕەیی و بێزاری دومینیك دەوروژێنێت چونکە بیرتراند ئەوە ڕەت دەکاتەوە کە جارێکی تر دایکی دۆمینیك ببینێتەوە، ئەمەش وا لە دومینیك دەکات کە سەرزەنشتی دایکی بکات کە بۆ جارێکی تر ژیانی لێ تێکدایەوە.

لە کاردانەوەی ئەمەدا، بانگهێشتێکی لوك بۆ هاوەڵیکردنی بۆ ماوەی هەفتەیەك بۆ ڕیفیرا، قبوڵ دەکات. کە بەرنامەی گەشتەکەی پێدەڵێت دومینیك لێی تووڕە دەبێت و ئەوە ڕەت دەکاتەوە کە گەشتەکەیان هاوشێوەی ئەو گەشتانە بێت کە پێشتر لەگەڵ ژنانی تر کردوویەتی.

لوك، بەو هێزە کەسێتییەوە نەیتوانی دومینیك کۆنترۆڵ بکاو سەرنجی بۆ لای خۆی ڕابکێشێت. بۆیە کاتێك دەیبات بۆ ڕاوەماسی، بە تەواوی خۆی لە بەردەم بارودۆخێکی جیاوازدا دەبینێتەوە شتی وای

نـەكردووە. بـە سەرسـامیەوە لـە خـۆی دەڕوانێـت وا ڕاوەسـتاوە لـە بەرامبـەر ڕووبارێکـداو کەرەسـتەی ڕاوکردنی ماسی بەدەستەوەیەو لەو گۆڕانکارییە سەری سوڕماوە کە (دومینیك) بە سەریدا سەپاندویەتی.

لـە دەوروبـەری ئـەو هەفتەیەشـدا دومینیـك سەرجەمی ئەو شتانەی لە ناخیدایە کـە پەیوەسـتن بـە کردەوەکانی منداڵی خۆیەوە سەر هەڵدەدەنو بڕوا بـەوە دەهێنێـت کـە (لـوك)ی ڕاسـتەقینەی دۆزیوەتـەوەو ئەمـەش وا دەکـات بکەوێتـە داوی خۆشەویـستیی لۆکەوە. کە دەگەڕێتەوە بۆ پاریس ئەم خۆشەویستیە، زۆری دەترسێنێت، بۆیە دەیشارێتەوە. بەڕێکـەوت لـە یەکێك لە قاوەخانەکاندا، لۆك بە هاوەڵیی ئـافرەتێکی گـەنج دەبینێـت، نائاگایەنـە بـەرەو ڕووی شـەقامەکە هەنگاو دەنێتو ئۆتۆمبێلێك لێی دەدات.

لـوك کـە بـە جـۆرێکی تایبـەت دۆمینیکـی خۆشدەویـست، بـە بـوراوەیی لەباوەشـی دەگرێـتو دەیباتەوە بۆ لای ئەو مرۆڤەی کـە دەتوانێـت هـەموو شتەکان لە ژیاندا چارەسەر بکات، ئەویش فرانـسوازی

خێزانیــەتی. کــە فرانــسواز لــە دەروازەی دەرگاکــەی ماڵەوە بەم دیمەنەوە دەیانبینێت کە کچە بووراوەکە بــە باوەشــی لۆکەوەیــە، ڕاســتەوخۆ حەقیقــەتی سروشــتی پەیوەندی نێوان ئەم دوو کەسێتیە درك پێ دەکات کــە ئەم بە وەفادارییەوە خۆشی دەویستن.

بە ساتی ململانێی سۆزداریی دامــاڵراو لــە وشــەو بەرامبــەر بــە ترســی لــوكو لــە هەســتی تاوانبــاریو داڕوخــاوی دەروونیــی خــۆی (فرانــسواز)، چــنینی ڕۆمانەکە دەگاتە ترۆپك.

لوك کــچەکە دەخاتــە ســەر قەرەوێڵەکــەو بــەجێی دەهێڵێت، تاوەکو فرانسوازی ژنو دایكو هاوســەر، لــە تەنیشتیەوە دابنیشێت. لێرەشدا گرنگیــدانی فرانــسواز بە دومینیك دەگەڕێتەوە بۆ لەدەســتدانی کــچێکی لــە ڕابردوودا.

فرانسواز لەکاتی هۆشهاتنەوەی دومینیکــدا، لێــی ناشــارێتەوە کــە ئــەو ئاگــاداری پەیوەندییــەکانی مێردەکەی بووە لەگەڵ ژناندا، بەڵام ئەمــە لــە کــچێك قبــوڵ ناکــات کــە وەك کــچی خــۆی خۆشــی دەوێــت.

هەمانکاتیش دومینیـك درك بـەوە دەکـات کـە ئـەم خۆشەویستیی دایکایەتیەی بۆ تاهەتایە لەدەست دا.

لێرەوە ڕووبەڕووبونـەوەکان ڕوو دەکەنـە لـوكو لای ژنەکەی دان بەوەدا دەنێـت کـە ئـەو تـەنها کەسـێکی لاوازو لەخۆباییەو لەڕێی فرمێسکە زۆرەکانیەوە تکای لێدەکات کە لێـی خۆشـبێت. بەمـە وا لـە فرانـسواز دەکات دوودڵ بێت لە بەجێهێشتنی.

دومینیك دەگەڕێتەوە بـۆ مـاڵی خێزانەکـەی، کـە خۆشەویستی تێدا نـەماوەو مـەرگی تێـدا نیـشتەجێ بـووە، بڕیـاری سـەفەرکردن دەداتو دەگەڕێتـەوە بـۆ زانکۆو سەرلەنوێ دەگەڕێت بەشوێن بیرتراندا. دەچـێتە تەنیشتیەوە، بێئەوەی تاکە وشەیەکیش بدرکێنێت.

دەگەڕێنـەوە بـۆ لای یـەکتری، بـەڵام لـە خـاڵی سەرەتاوە دەست پێ دەکەنەوە. نـە ئـەو دەتوانێـت بـە هـیچ شـێوەیەك ئـەو هـەموو بۆشـاییە دەرونییـەی دومینیك پڕ بکاتەوەو نە دۆمینیك-یـش هـەرگیز بـە مانای ڕاستەقینە بەختەوەر دەبێت.

ئەم ڕۆمانەش وەك ڕۆمانەكەی یەكەمی لــە ســاڵی ١٩٥٨ كرا بــە فیلمــی ســینەمایی و ســەركەوتنێكی گەورەی بەدەست هێنا لە فەڕەنسا.

سەرچاوە:

پاشكۆی (بیان الكتب)ی رۆژنامەی (البیان)ی ئیماراتی

شالیماری لیٚبوك

سەلمان روشدی

سەرلەنویٚ ناوی ڕۆماننووسی بەریتانی بە ڕەگەز هیندی "سەلمان روشدی" دەدرەوشیٚتەوە، کە لە هەشتاو نەوەدەکانی چەرخی پیٚشودا کیٚشەیەکی گەورەی نایەوە بە بلاٚوکردنەوەی ڕۆمانی "ئایەتە شەیتانییەکان"، کە پەیوەندییە دیبلۆماسییەکانی نیٚوان بەریتانیاو کۆماری ئیسلامی ئیٚرانی لەناو برد.

درەوشانەوەی ئەمجارەی ناوی سەلمان روشدی، لەوەی پیٚشووی جیاوازە. سەرەتاکانی ئەمجارەی لە هۆلٚەنداوە دەستیپیٚکرد نەك لە بەریتانیاوە. ئەویش بە بلاٚوکردنەوەی ڕۆمانیٚکی نویٚی بەناوی "شالیماری لیٚبوك"، کەیەکەمین ڕۆمانیەتی بەشیٚوەیەکی ئاشکرا باس لە ئیسلام بکات. پیٚشتر لە سالٚی ١٩٨٨،

ڕوشدی، رۆمانی "ئایەتە شەیتانییەکان"ی بڵاوکردەوەو گفتوگۆیەکی بەرفراوانی لـە نێوەنـدە ئیـسلامییەکاندا دروستکرد. بەتایبەت لەنێو کۆماری ئیـسلامی ئێـران کە ئەو کاتە خومەینی ڕابەری شۆڕشەکە بوو و هێشتا لە ژیاندا بوو.

وەرگێڕراوی ڕۆمانی "شالیماری لیبوك"، بـەر لـە زمانی ئینگلیـزی بـە زمـانی هۆڵەنـدی بڵاوکرایـەوە، کەسیش نازانێت بۆچی چاپی یەکەمی بە هۆڵەندی بەر لە ئینگلیزی، بڵاوکرایەوە.

بێگومانیش هەموو ئەو کەسانەی کە ڕۆمانەکەیان لە کتێبخانەکانی هۆڵەندا کڕی لە خودی خۆی، یان لـە خاوەنی کتێبخانەکانیان دەپرسی کە بۆچی یەکەمجار بە زمانی هۆڵەندی ئەم رۆمانە بڵاوکراوەتەوە؟

وەڵامی ئەم پرسیارەمان لەلا نییـە، بـەڵام ئـەوەی جێی گومان نییە کە لە پرۆسەی فرۆشتن و کڕینی ئـەم ڕۆمانە نوێیەدا کۆمەڵێك سەرئێشەو ڕووبەڕووبوونـەوە دوچاری سەلمان روشدی دەبنەوە. چونکە پێـشتریش لـە کاتی بڵاوکردنەوەی ڕۆمانی "ئایەتە شـەیتانییەکان"دا

دووچـــاری ڕووبەڕووبوونـــەوەی زۆر بـــۆوە. ئـــەو دەمـــە خومەینی و پیاوانی ئـاینی ئێـران، فـەتوای کوشـتنی روشدی‌یان داو خوێنیان حـەڵاڵ کـرد. بـەپێی ڕاپۆرتـە ڕۆشنبیرییەکانی ئێران لە سـاڵی ١٩٨٨دا، بـاس لـەوە دەکـرێ کـە ڕۆمانەکـەی سـەلمان روشـدی کەسـێتی "محەمـەد"ی پێغەمبـەرو قورئـانی پـیرۆزی لەکـەدار کردووە. ئەمە وای کرد زۆرێك لە سەرکردە ئێرانییەکان وا دابنـێن کـە ڕوشـدی شـتە پـیرۆز و بیروبـاوەڕە ئیسلامییەکانی پێشێل کردووە.

سەیر ئەوەیە ئەوانەی بڕیاری کوشتنی روشدی-یـان دەرکردبـوو ڕۆمانەکـەیان نەخوێنـدبۆوەو گوێیـان بـە ڕوونکردنـەوەکانی نووسـەر نـەدابوو کـە ئـەو کـات گوتبووی کـە ئامـانجی لـە ڕۆمانەکـە لەکـەدارکردنی موسـڵمانان یـاخود بیروبـاوەڕو تەنانـەت دامودەزگـا پیرۆزەکانیان نییە.

هەربۆیە سـەلمان ڕوشـدی ناچـار بـوو لـە مـانگی شوباتی ١٩٨٨ەوە و تا ئـەمڕۆش بـە خۆحەشـاردراوی

بژی، نەبادا لەبەرامبەر ئەو پاداشتەی کە بۆ کوشتنی تەرخانکراوە کە بڕی "٢/٨"ملیۆن دۆلارە، بیکوژن.

ناوەڕۆکی ڕۆمانەکەو نووسەرەکەشی لە کۆتایی هەشتاکان و سەرەتای نەوەدەکان، بووە یەکەم ڕووبەڕووبوونەوەی مەیدانیی فیکری و سیاسی نێوان ڕای گشتی ڕۆژئاواو ڕای گشتی جیهانی ئیسلامی. بە تایبەت کۆماری ئیسلامی ئێران، کە زیاد لەوانی تر سوور بوو لەسەر بێدەنگنەبوون لەم کارە. سەرکردە ئاینییەکانی ئێران هانی سەرکردە ئیسلامییەکانی وڵاتانی تریان دەدا بەوەی کە ئەم کارە شەیتانییە "بە گوزارەی خۆیان" سەرەتایە بۆ ململانێی شارستانییەکان، یاخود ململانێی ئاینەکان پێکدەهێنێت.

ئێستاو پاش ڕوداوەکانی ١١ی سێپتەمبەری وڵاتە یەکگرتووەکان لەپاش ئەو کارە تیرۆریستە زۆرو زەوەندانەی کە فێندەمینتاڵە ئیسلامیەکان لە زۆربەی ناوچەکانی ڕۆژئاوا پێی هەڵدەستن و پاشئەوەی کە ڕەخنەگرتن لە ئیسلام و ڕووبەڕوبوونەوە لەگەڵی، بۆتە

فۆڕمێکی بەردەوام لە فۆڕمەکانی ڕووبەڕووبوونەوەی فکری نێوان ڕۆژئاواو هێزە ئیسلامییە توندڕەوەکان، بە سەرکردایەتی ئوسامە بن لادن و هێزە بڵاوەکانی لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست یا لە عێراق بە سەرکردایەتی زەرقاوی، بە نهێنی و بە ئاشکراو بە شێوەی ڕاستەوخۆو ناڕاستەوخۆ لەگەڵ پاشماوەی سەرکردە پێشینەکانی "سەدام حسێن"، ململانێی ڕۆژئاوا دەکەن.

سەلمان روشدی، لە ڕۆمانە نوێکەدا ڕێڕەوێکی تری پێچەوانەی ڕۆمانی ئایەتە شەیتانییەکان دەگرێتە بەر، چونکە "شالیماری لیبوك" ڕۆمانێکە دژ بە توندڕەویی ئیسلامی و ڕووداوەکانی ناوەوەی ڕۆمانەکە بە میتۆدی ئیدانەکردنی توندڕەوی، ڕێکخراوە.

وەك زۆرێك لە بەرهەمەکانی تری ڕوشدی، ڕۆمانی "شالیماری لیبوك" لە شکڵی بونیادو لە شێوازی گشتیدا پشت بە زنجیرەیەك چیرۆکی هەمەجۆری لەبارو هەمانئاست و هاوشێوەوە دەبەستێت، وەك چۆن ئاماژە بە چیرۆکی ترو ڕووداوی مێژوویی دەدات لە نێو

ڕۆشنبیرییە هەمەجۆرو ناوچە جیاوازەکاندا.. هەروەك ڕۆژنامەنووسی هۆڵەندی "میشیل هۆنبك"دەڵێت: *گرێچنەی سەرەکی نێو ڕۆمانەکە سادەو ڕوونە، ڕۆمانەکە باس لە چوار کەسێتی دەکات. ژیانیان سیمبۆلێکە بۆ ئەو پەیوەندییە مێژووییانەی کە ڕۆژهەڵات و ڕۆژئاوا پێکەوە گرێدەدات و بە تورەیی ئێستای موسڵمانان کۆتاییهات.*

ڕووداوەکانی نێو ڕۆمانەکە، لە هەرێمی کشمیر ڕوودەدەن، بۆیە ڕوومالّی زۆربەی ئەو ڕووداوە مێژووییە هاوچەرخانە دەکات کە ئەم هەرێمە بە خۆیەوە بینیویەتی، کە هندو پاکستان ململانێیانە لەسەری.

"شالیماری لیبوك"و هاوسەرە جوانەکەی کە ناوی"بون"ە، ئەکتەرن لە یەکێك لە تیپە شانۆییە ناوخۆییەکانی کشمیرو بە سودوەرگرتن لە داستانە هندییە کۆنەکان، نمایش پێشکەش دەکەن. "ماکس ئۆفیلیۆس" باڵیۆزی ئەمریکایە لە هندو دوای ئەوەی "بون" لە نمایشێکدا دەبینێت سەما دەکات، دەکەوێتە داوی خۆشەویستییەوەو "بون"یش لە بەرامبەر

سەروەت و سامان و پلەو پایەی باڵیۆزی ئەمریکا، هاوسەرەکەی بەجێدەهێڵێتو لەگەڵ باڵیۆزەکەی ئەمریکا دەچێتە شاری "دلهی"و کچێکیان دەبێت و ناوی دەنێن "ئەندیا". پاشئەوەی بون، جوانییەکانی لەدەست دەدات و موعتاد دەبێت بە ماددە بێهۆشکەرەکان، باڵیۆزەکە بەجێی دەهێڵێتو بون دەستبەرداری منداڵەکەی دەبێت.

بارودۆخی "بون"ڕوو لە گۆڕان دەکات. لە کۆتاییدا بون دەگەڕێتەوە بۆ گوندەکەیان و لەوێ خێزانەکەی نایگرنە خۆیان و حاشای لێدەکەن، بۆیە پاشماوەی ژیانی بە بێکەسی و گۆشەگیری دەباتە سەر.

هەمانکات شالیمار، ئەم هەڵوێستەی باڵیۆزی ئەمریکا، بە توندی کاری لێدەکات، چونکە تەنیا هاوسەرەکەی داگیرنەکردووە، بەڵکو ئەو منداڵەشی بردووە کە ئەم بە کچی خۆی دەزانی، بۆیە بەڵێن دەدات هەرسێکیان بکوژێت. لێرەوە شالیماری لێبوک دەبێتە تیرۆریست و کەسایەتییە پاکیزەییەکەی دەبێتە ترس و سام. "شالیماری لێبوک" پەیوەندی دەکات بە

سـەربازگەیەکی توندڕەوی ئیسلامییەکانەوە کە دەیانەوێت کشمیر ڕزگاربکەن و پاش ٢٤ساڵ شالیمار باڵیۆزەکەی ئەمریکاو "بون"ی هاوسەری دەکوژێت. بەڵام کچەکە بە شێوەیەکی سەیر لەو تۆڵەسەندنەوەیە ڕزگاری دەبێت و لەژیاندا دەمێنێتەوە.

ناوەڕۆکی ڕۆمانەکە ڕوونەو ئاماژەیەکی ڕوونە بەوەی کە توندڕەوە ئیسلامییەکان بە شێوەیەکی سەرەکی هەست بە توڕەیی دەکەن و وا خۆیان دەبینن کە سووکایەتییان پێکراوەو ئاین لێرەدا تەنیا پاساوێکە کە شەرعییەت دەدات بە ئارەزووی تۆڵە.

"هونبك" جەخت لەسەر ئەوە دەکاتەوە کە ڕۆمانە نوێکەی "روشدی" گاڵتە بە توندڕەوە ئیسلامییەکان دەکات و بە لیبوك ئاساو تینووی تۆڵەسەندنەوە پێناسەیان دەکات، بەڵام خۆی لە قەرەی پیرۆزییەکان نادات وەك لە ڕۆمانی "ئایەتە شەیتانییەکان"دا کردی. بۆیە پێناچێت هەمان کاردانەوەی توڕەیی لە نێوەندە ئیسلامییەکاندا دروست بکات.

پرسیاری گرنگ ئەوەیە کە ئایا ئەو ئیسلامییانەی کە خوێنی ڕوشدییان حەڵاڵ کردووە، بەردەوام دەبن لە ڕاوەدوونان و بێزارکردنی بە تارماییەکانی مەرگ، یاخود گەشتەکەی لەم ڕۆمانە نوێیەدا دەبێتە کردنەوەی هیوایەکی نوێ‌و دووری دەخاتەوە لە هەڕەشەی توندڕەوە ئیسلامیەکان و دەربازی دەکات لەو گرێ ئاڵۆزەی نێو تۆڕی جاڵجاڵۆکەی ڕێکخراوە تیرۆریستیە نێودەوڵەتیەکان.

بەڵام بە خێرایی ئەوە دەبینینەوە کە "سەلمان روشدی" بەردەوامی دەدات بە ڕەخنە بەهێزەکانی، کاتێك سەرلەنوێ جەخت لەسەر ئەوە دەکاتەوە کە "ئیسلام پێویستی بە ڕیفۆرم هەیە، تاوەکو لەگەڵ چەرخی نوێدا بگونجێت".

سەلمان ڕوشدی لە وتارێکدا کە لە ڕۆژنامەی "تایمز"ی بەریتانی بڵاو کراوەتەوە دەڵێت: *" ڕاڤەکارییە گشتگیرو زۆرەکان کە بۆ قورئان کراون، دەبێتە هۆی پەیوەندییەکی باشترو گۆشەگیرییەکانی کۆمەڵگەی ئیسلامی لەناو دەبات. ڕووبەڕووی ئەو ئایدۆلۆژیایەی*

جیهـادیش دەبێتـەوە کـە بـووە هـۆی تەقینـەوەکانی لەندەن. ڕوانین لە قورئان بەو سیفەتەی کە بـۆ هـەموو ڕۆژگارێـك دەشـێت یـان دەگونجێـت، ئیـسلام و موسـوڵمانەکان دەخاتــە نێـو زینـدانێکی ئاسـنینی دۆگماوە. وا باشترە وەك دیکۆمێنتێکی مێژوویی لێـی بڕوانـرێ. ئەگـەر هـاتو قورئـان وەك دیکـۆمێنتێکی مێژوویی تەماشاکرا، ئەو دەمە شـیاوە بـە شـێوەیەك ڕاڤەبکرێت کە لەگەڵ بارودۆخی نوێ و چـەرخی نوێـدا بگونجێت. ئەوکاتەو بۆ دواجار دەکرێت ئەو یاسـایانەی کــە لــە چــەرخی حەوتەمــدا دانرابــوون بــوار بــۆ پێداویستییەکانی چەرخی بیست ویەك بڕەخسێنێت".

وا دیارە سەلمان ڕوشدی لە هیچ شتێك سڵ ناکاتەوە چونکە تەمەن بەکورت دەزانـێ و پێـی وایـە هونـەری ڕۆمان تەمەندرێژەو لەبیری مرۆڤدا دەژی.

سەرچاوە:

www.elaph.com

مەرگی بەختەوەر

ئەلبێر کامۆ

ئـــەلبێر کـــامۆ، یەکێکـــە لـــە بـــەناوبانگترین ڕۆماننووسەکانی فەرەنسا، رۆژی ٦ی نۆڤەمبەری ساڵی ١٩١٣ لە جەزائیر لەدایکبووەو ڕۆمانەکەی "نامۆیی" لە قۆناغەکانی دوای جەنگی جیهـانی دووەمـدا پلـەی یەکەمی پڕ خوێنەرترین ڕۆمانی، بەدەستهێنا، کە هەتا کۆتایی ساڵی ٢٠٠٠ زیاد لە حەوت ملیۆن دانەی لـێ چاپکرا.

ئەلبێر کامۆ فەیلەسوفی "بێهـوودەیی"یـە کـە لـە بەرهەمـــە جیاوازەکانیـــدا لـــە "ڕۆمـــان و شـــانۆو فەلسەفە"دا جەختی لەوە دەکردەوە کە ژیـان جۆرێکـە لە "بێهودەیی" بەڵام لەسەر مرۆڤـ پێویستە سـەرەڕای

{هۆشیاربوونی} بەمە، بیگوزەرێنێت. بە مانایەکی تر کامۆ جەخت دەکاتە سەر پرسی ڕەهەندی بێهوودەیی هۆشیاری وەك مەرجێك بۆ ئازادبوون.

لە بەرهەمە بەناوبانگەکانی کامۆ، جگە لە نامۆیی، دەتوانین ئاماژە بە ئەفسانەی سیزیف، کالیگۆلا، تاعون، مرۆڤی یاخی، دادپەروەران و بەدحاڵیبوون، بدەین. هەندێك لە بەرهەمەکانیشی کراون بە فیلمی سینەمایی، وەك نامۆیی کە ساڵی ١٩٦٨ کرا بە فیلم و دەرهێنەری بەناوبانگی ئیتاڵی "فیسکۆنتی" دەریهێنابوو و بەهەمان شێوە ساڵی ١٩٩٢ تاعون کرا بە فیلم.

خانەوادەی ئەلبێر کامۆ دوای کۆچکردنی، دەفتەرەکانیان بڵاوکردەوە، وەك بەدیهێنانی خواستی زۆرێك لە ئەکادیمیی و خوێندکاران، بەتایبەت سەرجەمی ئەو کەسانەی گرنگیان بە نووسینو بیرکردنەوەکانی کامۆ دەدا، بۆیە ئەم بڕیارەیان دا.

ئەو تێکستو ڕەشنووسو وتارو توێژینەوە بەجێماوانە پاش مەرگی کامۆ، بووە هۆی وروژاندنی

پرسـیارگەلێك لـە نێوەنـدە روناكبیرییـەكانی جیهـانو لوغزی ئەوەش نەدۆزرایەوە كە داخۆ بۆچی ئەلبێر كامۆ تا لە ژیاندا مـابوو ئـەم بەرهەمانـەی چـاپ نـەكردو نەیخستە بەردەم خوێنـەرو هەوادارانـەوە؟!. بەتایبـەت ئێمـە درك بـەوە دەكـەین كـە هـەر كـات مرۆڤـ نووسـەرێكی خـۆش ویـست یـاخود بـە قـووڵی لێـی كۆڵییەوە، زۆربەی كـات هیواخـوازە هـەموو شـتێكی لەبارەوە بزانێت.

ئەوانەی كە كتێبە بڵاونەكراوەكانی كامۆیان لەلایە، بـۆ نمونە مەرگی بەختەوەر، یا یاداشتەكانی سەفەر، بە لایانەوە ستەمێكی گەورەیە كە ئەم ئـارەزووە ڕەوایـە بهێننـە دی و ڕێگـەنادەن بـە خوێندنـەوەی. بـۆ ئەوانـەی كـە حـەز بـە خوێندنەوەی دەكەن.

لێكۆڵینەوەكانی ئـەو ئەكادیمییانـەش كـە زۆرجـار لێكۆڵینەوەیان لە ژیـانی كـامۆ، وای لێكـردوون چـاو بخشێننەوە بە نووسینەكانی سەردەمی لاوێتـی یـاخود ئەو نووسینانەی كە دوای ئەو ماوەیە دەركەوتووە، زۆر بەناوبانگ نین، یـاخود هێـشتاكە بـڵاو نەكراونەتـەوە.

ئەوان لەو بڕوایەدان‌و وای بۆ دەچن کە بە خوێندنـەوەی ئەو نووسینانە نەبێت، وێنەی نووسەر گۆڕانی بەسـەردا نایەت و دەوڵەمەند نابێت.

کامۆ ساڵی ١٩٥٢ خەڵاتی نۆبڵی بـۆ ئـەدەب پـێ بەخـشراو لـە مێـژووی خەڵاتەکەشـدا وەکـو تەمـەن بچوکترین کەس بـوو کـە ئـەو خەڵاتـەی وەرگرتبێـت، بەرهەمەکانی بۆ دەیان زمان وەرگێڕراون‌و کۆمەڵێك لە بەرهەمەکانی کراون بە شانۆگەری.

بە ڕێگەیەکی تراژیدی سـامناك و لـە ڕووداوێکـی ئۆتۆمبێل کە لە ٤ی یەنایری ساڵی ١٩٦٠، دووچـاری هات، کۆچی دوایی کرد.

کامۆ لە نووسینی ڕۆمانی (مەرگی بەختەوەر)دا سـوود لە یادەوەرییەکانی خۆی وەردەگرێت، بەتایبەت لـەو ناوچـە هەژارنـشینەی کـە بـە (بلکـور) ناسـرابوو و ئـەلبێرکامۆ منـداڵێتی تێـدا بەسـەر بردبـوو، لەگـەڵ کـارکردنی لـە ڕێنمایکـاری دەریـاوانی و گەشـتکردنی بـۆ ئـەورووپای ناوەڕاسـت لـە هـاوینی ١٩٣٦و گەشـتەکانی لـە سـاڵانی ١٩٣٦ و ١٩٣٧بە ئیتاڵیـاداو مانـەوەی لـە نەخۆشـخانەو

ژیانی له ماڵی فیشو یاخود (ماڵێك بەرامبەر جیهان) لە بەرزاییەکانی شاری جەزائیر کە لە نۆڤەمبەری ساڵی ١٩٣٦ تیایدا جێگیر بوو. هەروەها هەندێ لە ڕووداوەکانی ژیانی ئەویندارییانەی دەخوێنینەوە.

لێرەدا چەند خاڵێکی پرسیارکردن دەمێنێتەوە کە ڕەنگە ئەگەر لێکۆڵینەوەیەکی وردی لە بارەوە بکرێت ئەو سەرسوڕمانەش بڕەوێنێتەوە، لوسیان و ڕۆلان زغرو دکتۆر برناردو..هتد کێ بوون؟

ڕۆمانی مەرگی بەختەوەر، لەو ڕۆمانە بەناوبانگانەیە کە ئەلبێرکامۆ نووسیویەتی و بە خێرایش لیستی سەرکەوتووترین کتێبەکانی داگیرکرد، پێشتریش ئەم ڕۆمانە بڵاونەکرابۆوەو هاوسەرەکەی ئەلبێر کامۆ لەنێو کاغەزو دەستنووسەکانیدا، دۆزییەوە.

هەربۆیە چاپی کرد، چونکە ئەم ڕۆمانە لە ڕۆمانە ناوازەو بەناوبانگەکەی (نامۆیی) دەچێت، هەردوو ڕۆمانەکەش لێکچواندنێکی گەورە لەناوی پاڵەوانەکانیدا هەیە، بەڵام ئەمەی دواییان بە هەموو شێوەیەك لەگەڵ ئەوەی پێشوو جیاوازەو بابەتەکەشی

بریتییه له گەڕانێکی کەللەڕەقانە بەدوای بەختەوەریدا، با نرخەکەی تاوانکردنیش بێت. ڕووداوەکانی ڕۆمانەکە باس لە ئەزموونی لاوێك دەکات کە بەدەست کۆمەڵێکی زۆر لە کێشەی وەك گرانی و ناڕەحەتییەوە دەناڵێنێ. لە بارەی هەژاری و نەخۆشی و سەفەرو ئەویندارییەوەو جۆرە بارێکی ململانێی دەروونی تێدایە، کە لە وێنەکردنیدا لە کامۆ لێهاتووتر نییە.

ڕووداوەکانی نێو ڕۆمانەکە لە جەزائیر ڕوودەدات. لاوێك بە ناوی (باترسیس مرسۆ)وە بە ڕەچەڵەك فەڕەنسییەو کرێکارێکی سادەیەو ژیانێکی هەژارانە دەژی، دایکی مرسۆ ژنێکی جوان بووەو بەهۆی ئەوەوە بڕوای وابوو، کە دەتوانێت بە دەوڵەمەندی بژیو بدرەوشێتەوە. کاتێك دەگاتە تەمەنی چل ساڵی، دووچاری نەخۆشییەکی سامناك دەبێ و لە جل و بەرگ و خشڵ و زێڕەکانی دادەماڵدرێ و بەتەنها جلی دەردەداران دەپۆشێت، دەموچاویشی بە هەڵاوسانێکی خراپ دەشێوێ، دواجار بەهۆی ئەوەی ژیانێکی کەمتەرخەم ژیابوو، دووچاری شەکرە بوو،

نەخۆشییەکەشی پشتگوێ دەخات، بۆیە نیوەنابینا دەبێت.

مرسۆ ناچار دەبێ دەستبەرداری خوێندن بێت و کاربکات. دایکی لە تەمەنی ٦٥ ساڵیدا کۆچی دوایی دەکات. مرسۆ دراوسێیەکی هەبوو بەناوی (برامیلی) کە ژیانێکی هەژارانەتری هەبوو، ئەوینداری کچێکی جوانی خاوەن دوو لێوی گەرمە بە ناوی (مارت)، پێکەوە چەند کاتێکی خۆشییان دەبردەسەر وەك گەڕانێك بەشوێن بەختەوەریدا. مرسۆ دەیزانی کە مارت ئەویندارای زیاتری هەیەو یەکێکیشیان کەسێکی پەککەوتەبوو بەناوی (زغرو).

زغرو لەگەڵ تێپەڕینی کاتدا دەبێتە هاوڕێی (مرسۆ)و سەردانی دەکردو گفتوگۆیان ئاڵوگۆڕ دەکرد، مرسۆ لەو کاتەی قسەی لەگەڵ دەکات دەزانێت زغرۆ چۆن سەروەت و سامانەکەی کۆکردۆتەوەو ئەم درکاندنە دەقۆزێتەوەو دەیکوژێت و دەست بەسەر پارەکانیدا دەگرێ.

مرسۆ دووچاری جۆرێك لە خەمۆکی دەبێت و لەوپەڕی دارمانی تەندروستیدا دەبێت، بەڵام بە گیرفانی پڕەوە سەفەر

دەکات بۆ شاری (براگ) بـۆ گـەڕان بـەدوای بەختەوەریـدا، باشترین شت لە ژیانیدا لە دەوری ناخۆشـترین کـاتی ژیـانی دەسوڕایەوە، درکی بەوە دەکرد کە دەبێ ئیرادەی بۆ گەیـشتن بـە بەختــەوەری پێـشبکەوێت، بـەڵام لـە پێنـاوی ئـەوەدا هەستی بەوە کرد کە پێویستە لەسەری هاوکۆك بێت لەگـەڵ زەمەنداو بەدەستهێنانی کاتیش لەیـەك کاتـدا جـوانترین و ترسناکترین ئەزموونەکانی ئەو بوون، هەستی بـەوە دەکـرد بەرامبەر ڕابردوو و ئەو شتانەی کە لەدەستی داوە ئازا بوو.

دواتر دەگەڕێتەوە بۆ جەزائیرو جارێکی تر هەوڵی گەڕان دەدات بەشوێن (کلیر)ی خوشکی و (کـاترین)ی هاوڕێیـان، کە لە ماڵێکی هەڵواسراوی لوتکەیەکدا دەژیـان کـە نـاوی (مـاڵی سـێ کـچە خوێندکارەکـە) بـوو بـەڵام میرسـۆو خوێندکارەکان ناویان نابوو (ماڵێك لەبەردەم جیهانـدا) ئـەو ماڵە بە تەواوی بـە ڕووی سروشـتدا کرابـۆوەو لـە شـێوەی سەبەتەی باڵۆنێکدا بوو کە لە ئاسمانەوە شۆڕبۆتەوەو بەسـەر جیهانێکی ڕەنگاو ڕەنگدا دەیڕوانی.

ئەم چوارە پێکەوەو لە بەرامبەر جیهاندا ژیـانێکی بەختەوەریان بەسەر دەبردو لەوێدا مرسۆ ئاشنای کچێك

دەبێت بەناوی (لوسیان)و دەگەڕێتەوە بۆ ماڵەکەی تاوەکو لەگۆشەگیریدا ژیان بگوزەرێنێت، تەنها ژیانیشی لەسەر سەردانەکانی لوسیای ئەوینداری یاخود سەردانی سێ هاوڕێکەی، کورت کردبۆوە.

مرسۆ ڕۆژەکانی بە هاوەڵی (برنار) بەسەر دەبات، کە ئەویش پزیشکێکی هەندێك تەمومژاوی بوو، ئەم دووانە باسیان لەژیان و کات دەکرد بێئەوەی مەجرای ژیانی خۆیان بزانن. مرسۆ هەستی بە نزیکایەتی برنار-دەکردو هەندێك لە نهێنییەکانی بۆ درکاند. مرسۆ لەسەر جێگە دەکەوێت و نەخۆشییەکی قورس پەکی دەخات و ڕێگەی هەستانی ناداو یەك مانگ لە جێگەدا دەکەوێ، لەرزێکی دوورو درێژ دایدەگرێ و وا هەستی دەکرد کە بەرز دەبێتەوەو لە هەردوو شانەکانیدا پێکدەگەن وەك دوو دەزوولە ئاوی سەهۆڵین. لەسەر چەرچەفەکەی دانەقۆچەی پێدەکەوت، برناریش سەردانی دەکردو دەرمانی دەدایە، بەڵام دەیزانی کە مرسۆ چاك نابێتەوە.

ڕۆژێکیان مرسۆ بەختەوەری بەدەست دەهێنێ و پارێزگاری لێدەکاو (زغرو)ی بە بیردێتەوەو سات لەدوای

سات بیری دەکردەوە، هەستی بە بەرزبوونەوەیەك دەكرد لە ناخیدا لە ناکاو بەرزبوونەوەکە ڕاوەستاو پاشان گیانی لەدەست دا.

کامۆ ئەم ڕۆمانەی لە ساڵی ١٩٣٨دا نووسیبوو، بەڵام چونکە پێی وابوو خراپ دایناوە بۆیە لێی ڕازی نەبووە. بەپێی بۆچوونەکانی (روجیە کیو)ی ڕەخنەگر ئەم ڕۆمانە شتێکی سەرسوڕهێنەرە، بەڵکو زۆرتر وەك دێکۆمێنتێك وایە، وەك لەوەی بەرهەمێکی ئەدەبی بێت. بەڵگەیەکە لەسەر ئەو بێهودەییەی کە جیهان تیایدا دەژیاو ئەلبێر کامۆ ڕۆچووە ناوی‌و بە سەرسوڕمان و خۆشەویستییەوە لەبارەیەوە نووسی و ترۆپکی بێهوودەیی ئەوە بوو کە مردنی بە ڕوداوێکی بەختەوەر دانا.

سەرچاوە:

*پاشکۆی (بیان الکتب)ی رۆژنامەی –البیان–ی ئیماراتی.

* نووسینێکی هشام بن الشاوی